Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2024.1106

# تیۆری فەزائاوەزییەكان، چەمك و بنەما لە زمانی كوردیدا

كەژاڵ جهانبەخش مجد[1]، بێستون حسن احمد[2]، دارا حمید مجد[1]

١- بەشی زمانی كوردی، كۆلێژ پەروەردە، زانكۆ گەرمیان، هەرێمی كوردستان – عێراق

٢- بەشی زمانی كوردی، كۆلێژ پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆ سلێمانی، هەرێمی كوردستان – عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(فەزائاوەزییەكان، چەمك و بنەما لە زمانی كوردیدا)یە، هەوڵێكە بۆ خستنەڕووی پەسنی بنەماكانی تیۆری فەزائاوەزییەكان لە زمانی كوردیدا. یەكێك لە بواره دیارەكانی لێكۆڵینەوە لە زمانەوانی دركپێكردن، تیۆری فەزائاوەزییەكانە، كە بۆ یەكەمجار لەلایەن (**Fauconnier**)هوە لە(80)كانی سەدەی ڕابردوو، لەسەر بنەمای دانەبراوی سیمانتیك و پراگماتیك لەیەكتر، وەك بنەمایەكی سەرەكی قوتابخانەی دركپێكردن، خرایەڕوو. تیۆرییەكە كار لەسەر چۆنییەتی بنیاتنانی واتا و ڕاڤەكردنی واتای شاراوەی دەربڕاوەكان دەكات و بنیاتنانی واتا لە ئەنجامی بەكارهێنانی زمان لە دەوروبەردا دادەنێت. فەزائاوەزییەكان بەشێكی فەزاچەمكییەكانن، هەڵگری زانیاری تایبەتن و لەسەر بنەمای ستراتیژییە كەلتووری و پراگماتیكی و زمانییەكان، زانیاری نوێ بەدەستدەهێنن، بنەمای پێكهاتنیان و پەیوەندییە بنیاتراوەكان لەنێوان فەزائاوەزییەكان، توانای دروستكردنی واتاگەلێكی بێسنور و لێكدانەوە و ڕاڤەكردن و لە ئەنجامدا فەزای ئاوەزی جیاواز دەستدەخەن. بنیاتنانی فەزای ئاوەزی نوێش، بە چەند هۆكارێك، لەوانە كۆمەڵێك یەكەی زمانی، كە بە پێكهێنەرەفەزاییەكان ناسراون، ڕوودەدات. هەروەها فراوانكردنی دروستەی زمانی و دەربڕینەكان، فراوانبوونی فەزاكانی لێدەكەوێتەوە.

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | October, 2023 |
| Revised: | October, 2023 |
| Accepted: | November, 2023 |

**Keywords**

ئاوەز، فەزای ئاوەزی، فەزای چەمكی، تۆری فەزائاوەزییەكان، پێكهێنەری فەزا

**Corresponding Author**

kazhal.jihabakhsh@garmian.edu.krd
bestun.ahmad@univsul.edu.iq
dara.hamid@garmian.edu.krd

## پێشەكی:

ناونیشانی توێژینەوەكە(فەزائاوەزییەكان، چەمك و بنەما لە زمانی كوردیدا)یە مەبەستی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە، پەسنكردن و جێبەجێكردنی تیۆری فەزائاوەزییەكانە لە زمانی كوردیدا. كەرەستە و داتای توێژینەوەكە لە زاری ناوەڕاست، شێوەزاری سلێمانی وەرگیراوە. لەم توێژینەوەیەدا، پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیكاری كراوە، بەپێی بنەماكانی تیۆری فەزائاوەزییەكان نموونەكان شیكراون. توێژینەوەكە لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان پێكهاتووە. بەشی یەكەمی توێژینەوەكە بەگشتی تەرخانكراوە بۆ خستنەڕوویەكی گشتی تیۆری فەزائاوەزییەكان لە زاراوە و چەمكی فەزا و پاشان چەمكی ئاوەز و تیۆری فەزائاوەزییەكان و بنەماكانی.

بەشی دووەمی توێژینەوەكە كار لەسەر ڕۆڵی دەوروبەر و پراگماتیك لە گواستنەوەی واتا لەنێوان فەزائاوەزییەكان دەكات. لە كۆتاییشدا چەند ئەنجامێكی بەدەستهاتوو لە هەردوو بەشی توێژینەوەكە خراونەتەڕوو.

## 1-تیۆری فەزائاوەزییەكان:

### 1-1-سەرەتا و سەرهەڵدان:

سیمانتیكی دركپێكردن وەك لقێكی زمانەوانی دركپێكردن، لە هەوڵی لێكدانەوەی واتایە لەسەر بنەمای ئەزموون و دونیابینی و كۆزانین، شارەزایی، بیركردنەوە، ئەزموونی جەستەیی، توانا و لێهاتوویی...تد. بەو پێیەش، واتا لەسەر بنەمای دروستەی چەمكی دامەزراوە و دروستەچەمكییەكان كەتیگۆرییە ئاوەزییەكان دەنوێنن، كە مرۆڤ بەپێی ئەزموون چیوەبەندی كردوون.(ابراهیم، 2019: 37). ئەمەش وا دەكات لەم قوتابخانەیەدا واتا لە ئەنجامی كۆزانیاری مرۆڤ(زمانی و نازمانی)، بێتەكایەوە و سنور لەنێوان سیمانتیك و پراگماتیك تارادەیەك نەمێنێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بنەمایانە، Fauconnier، تیۆرییەكی بە ناوی فەزائاوەزییەكان،(Mental Space Theory)لە (1985،1984) خستەڕوو، كە یەكێكە لە تیۆرییە گرنگ و كاریگەرەكان لە سیمانتیكی

درکپێکردن و پەیوەستە بە پرۆسەی بنیاتنانی واتا. دواتر ئەم تیۆرییە بە بەرهەمی دیکە لەلایەن (Fauconnier)هوە لە کتێبی(نەخشەکێشان لەنێوان هزر و زماندا/Mappings in Thought and Language لە 1997) گەشەپێدرا. بە بڕوای Fauconnier، فەزائاوەزییەکان جەخت لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی مرۆڤ لە بنیاتنانی واتا دەکەن. بەپێی ئەم تیۆرییە، واتا دەرئەنجامی پرۆسەکانی:1-بنیاتنانی فەزائاوەزییەکان 2-نەخشەکێشان و گونجاندنی نێوان فەزاکانە(Fauconnier, 1997: 11). جگە لەم دوو پرۆسەیەش، پێکهێنانی پەیوەندی نێوان فەزاکان، لە ڕێگای دەوروبەرەوە دێتەکایەوە، ئەمەش بەو واتایە دەبێت، کە بنیاتنانی واتا هەمیشە پەیوەستە بە دەوروبەرەوە.(Fauconnier, 1994: 21 ). لەمەشەوەFauconnier لە ڕێگای فەزائاوەزییەکانەوە بیر و باوەڕی خۆی پەیوەست بە جیانەبوونەوەی واتا لە دەوروبەری ئاخاوتن و لە ئەنجامدا دانەبڕاوی سیمانتیك لە پراگماتیك، بڕوانە(فتح اللهو حەمەکەریم، 2017: 71-85) خستەڕوو. توێژینەوەکە بە مەبەستی زیاتر پەسنکردنی تیۆری فەزای ئاوەزی سەرەتا تیشکدەخاتەسەر زاراوە و چەمکی فەزا و ئاوەز و پاشان بە وردی لە بنەماکانی تیۆرییەکە دەدوێت.

### 1-1-1-زاراوەی فەزا(Space):

(Space)، یەکێکە لەو زاراوانەی لە زۆر بوار لە نێو زمانەکاندا بەکارهاتووە. ئەم زاراوەیە لە زمانی فەرەنسی(Espace) و ئینگلیزی(Space)، لە بنەڕەتدا لە وشە لاتینییەکەی (Spatum) وەرگیراوە، بە واتای درێژکراوە و بێسنور دێت، کە هەموو درێژکردنەوە دیاریکراوەکانی تێدایە.(مرزق، 2018: 294) هەروەك لەڕووی زاراوەوە چەندین ڕاڤەی بۆ کراوە، ئەم فرەییەش لە فرەیی پسپۆڕی و ئەو بوارانەی زاراوەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت، سەرچاوەدەگرێت. بوارەکانیش فیزیا، زانستی ئەندازیاری، پزیشکی، جوگرافی، ئەستێرەناسی، ئەدەب و زمانەوانی[*1]...دەگرێتەوە.(بوشليق، 2019: 37). لەم توێژینەوەیەدا پەیوەست بە بوار و پسپۆڕی جیاواز، پشتبەستوو بە فەرهەنگ و وشەنامەی تایبەت بە پسپۆری جیاواز هەوڵدەدرێت لەم زاراوەیە بکۆڵدرێتەوە.

1-بواری پزیشکی لێکدانەوەکانی (أ-ب-پ)پەیوەست بە زاراوەی(Space)ی خستۆتەڕوو: ماوە، بۆشایی، جێ.

أ-بۆشایی: بۆشاییەکی ڕاستەقینە یان شاردراوەی جەستە، بۆشایی سەرتۆپ، ناوچەی نێوان سەری ڕەگی ددان و چاڵەکەی لە ئێسکی شەویلگەدا، بۆشایی جاڵجاڵۆکەیی، بۆشایی ڕەفیسك، چاڵی پشت ئەژنۆ، بۆشایی ژێر ناوپەنجك، بۆشایی ڕشتەی هەناسە لە کونەلووتەوە تا دوا لقی بۆری هەوا، مردە بۆشایی واتە ئەو بۆشاییەی دوای دوورینەوە دەمێنێتەوە.

ب-ماوە: ماوەیەکی دیاریکراو، ماوەی نێوان دوو پەراسووی تەنیشت یەك.

پ-کەلێن: مردە کەلێن/ مردە بۆشایی، لیمفە کەلێن، پێشە کەلێن و پشتە کەلێن.(ڕەشید، 2010: 270-271).

2-لە بواری ئەندازیاری گەیاندن(أ) و ئەندازیاری شارستانی و بیناسازی(ب):

أ-گەردوون، پەیوەندییەکانی بۆشایی ئاسمان(space communication)، شوێن، ماوە(ماوەی نێوان مانگی دەستکرد/space satellite)، مەودا.(سعيد،2019: 114).

ب-بۆشایی، بوار، دووری(دوور لەیەك واتە بۆشایی نێوانیان زۆرە)، پان، پانوبەرین، فراوان.(ئەحمەد، 2011: 522)

3-لە فەرهەنگی چەمك و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زاراوەی(بوار)بەکارهێنراوە،(space social/بواری کۆمەڵایەتی).(فاتیح، 2021: 218).

4-بواری جوگرافیای گشتی: لە ڕاڤەکانی هەمبەر بە(space)، بۆشایی و فەزا بەکارهاتووە.(قادر،2012: 541).

لە زمانی ئینگلیزیدا ژمارەیەك زاراوە و ڕاڤەی لەمڕووەوە بەرچاودەکەوێت. بۆ نموونە: شوێن/ڕووبەرێکی بەتاڵ(empty area)، شوێنێك، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو تەرخانکرابێت، دەرەوەی گۆی زەوی(outside the earth)، شوێنێکی بەتاڵ لەنێوان دوو شتدا.بڕوانە(summers, 2002). هەروەها وشەنامەی(Collegiate)بۆ ئەم زاراوەیە چەندین واتا دەستنیشاندەکات وەك شوێنێکی بەتاڵ(شوێنێکی بەتاڵی دیارینەکراو، شوێنێکی بەتاڵ لەناو هۆکارێکی گواستنەوە)، مەودایەکی دیاریکراو(a limited extent)، ڕووبەرێکی بەردەست(an available area)...تد.بڕوانە(Webster, 2004). جگە لەمەش بەواتای کاتێکی کورت(a short time)، شوێنێکی کراوە یان بەتاڵ، کاتی بێکاری یان پشوو، بۆشایی نێوان وشەکان و نێوان دوو شت...تد هاتووە .بڕوانە(Kirkpatrick, 1985).

ئەم زاراوەیە لە (لسان العرب) لەژێر ناوی (الفضاء) هاتووە، بەواتا، ڕووبەری فراوانی زەوی و بۆشایی بەتاڵی فراوانی زەوی.(ابن منظور، 1414: 157). هەندێك واتا و ڕاڤەی دیکە لە(لسان العرب) بەکارهاتووە، هەموویان لە بازنەی واتاکانی(فراوانی/اتساع، بۆشایی/الفراغ، نەمان/ الانفلات)دەرناچن.(الفراهيدي، د.ت: 63). لەگەڵ ئەوەشدا سروشتی زاراوەکان جیاوازن لە ڕوانگەی تایبەتی هەر زانست و بوارێکدا. بۆ نموونە لێکۆڵەرانی زمانی عەرەبی زاراوەی جیاواز لەڕوانگەی خۆیانەوە و لە بواری کارکردنیان وەك، (الحيز/کەلێن، شوێن، البيئةالادبية/دەوروبەر/ژینگەی ئەدەبی، المجال/ بوار، الموقع/شوێن) بەکاردەهێنن. توێژینەوەکە خاڵی هاوبەشی نێوان تەواو یان زۆرینەی بۆچوونەکان بە پەسەنددەزانێت، کە(بۆشاییەکی)کراوەی بێسنور دەگەیەنێت، هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی جیاوازی بۆچوونەکان لەڕووی مەودا و فراوانی و سنوری پسپۆڕی کار و کەرەستەکانیان.

### 1-1-2-چەمکی فەزا:

چەمکی فەزا بەردەوام لە گۆڕەپانی بیر و هزردا، لە فەلسەفە و زانستی ئەندازیاری و فیزیا و ئەستێرەناسی و تەلارسازی...تد، تا لێکۆڵینەوە ئەدەبی و زمانەوانییەکان، جێگای بایەخ بووە. بەڵام پرسیار لەوەدایە، چۆن بتوانین پەسنی فەزا پەیوەست بە زمانەوە بکەین؟ بۆ ئەم مەبەستەش بە پێویستی دەزانین، ڕاڤەیەکی کورتی چەمکی فەزا، سەرەتا و دەستپێك بنەخشێنین. هەنووکە ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵەر و زانا، تایبەت بەم چەمکە، لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە و هەریەك لە بوارێکی تایبەتدا ڕاڤەیان بۆ کردووە. چەمکی فەزا یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکان لە تەلارسازی، پەیوەست بەم چەمکە تەلارساز و پسپۆڕانی جیهانی تەلاسازی لە کۆنەوە ڕاڤەی جیاوازیان پێشکەشکردووە. هەندێکیان ئاماژە بە ڕۆڵی مرۆڤ لە پەیپێبردنی فەزای دەوروبەر و هەندێکی دیکەش ئاماژە بە ڕۆڵی کاریگەری کوالێتی فەزای دەوروبەر لەسەر ڕێژەی پەیپێبردنی مرۆڤ لە ژینگەی دەوروبەری دەکات. ئەوەی بەلای لێکۆڵەرانی ئەم بوارەدا گرنگە، فەزا لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی مرۆڤ و دەوروبەر گریمانەدەکرێت. بڕوانە(سوهانگير، 1393: 66). یان فەزای مەجازی/فەزای سایبێر(cyber space)لە پێناسەی هەندێك لە نووسەران هاتووە، کە بریتییە لە: کۆمەڵێك پەیوەندی مرۆیی لە ڕێگای کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بە بێگوێدانە جوگرافیای فیزیکی. بۆ زیاتر بڕوانە(يزدان پناه درو و کامران، 1393: 27).

فەزا چەمکێکی ناوەندییە لە زمانەوانی درکپێکردن. بەهۆی کاریگەرییە گەورەکانی لەسەر بنیاتنانی واتا و بیرکردنەوە و نوێنەرایەتیکردنی جیهانی دەوروبەرمان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کاریگەری جەستە لەسەر پەیپێبردن و بیرکردنەوە درکپێکراوەکان، وەک چۆن بیرکردنەوە چیتر بینایەکی ئەبستراکتی دابڕاو نییە لە جەستە و لە پەیپێبردنمان لە جیهانی دەرەوە، بەڵکو بایەخپێدانی زمانەوانی درکپێکردن لە بیرکردنەوەی بەجەستەکراودایە.(عباس و محسن، 2020: 12).

زمانەوانی درکپێکردن لەم دوو دەیەی کۆتاییدا بە ڕێبازێکی کاریگەر لە لێکۆڵینەوەی زمانی، سیستەمی چەمکی، توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ، پێکهاتەی گشتی واتا...تد دادەنرێت. ئەم قوتابخانەیە، لە چەندین کەتیگۆری چەمکی، لەوانەش(فەزا)وەك ڕەنگدانەوەی توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. بۆیە پەیوەست بە زمان، بە تایبەتی لە زمانەوانی درکپێکردن، چەمکی(فەزا)، پەیوەستە بە ئاوەزەوە، بە واتایەکی دیکە، بە بەراورد لەگەڵ زانستەکانی دیکە هەستپێنەکراوە، لەبەرئەوەی بابەتی ئەم چەشنە زانستە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەیە بۆ پرۆسەی ناسینەوەی نهێنییەکانی ئاوەزە لای مرۆڤ، لەڕووی کۆزانیاری(زمانی و نازمانییەوە)، ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی فەزایەکی ئاوەزی پێکدەهێنێت.(بوشلیق، 2019: 37). لەم سۆنگەیەوە توێژینەوەکە بە پێویستی دەزانێت، سەرەتا بە خستنەڕووی چەمکی ئاوەز دەستپێبکات و پاشان چەمکی فەزائاوەزییەکان.

### 1-1-2-1-چەمکی ئاوەز(Mental):

خستنەڕووی ڕاڤەیەکی گشتگیر و بەردەست پەیوەست بە ئاوەز، ئەستەمە بە کارێکی سانا دابنرێت. لەڕووی زاراوەوە، واتاکەی لە چوارچێوەی چەمکێکی ئەبستراکتدا دەخولێتەوە، هزر، زانین، ژیری، یادگە، گەنجکردن و...تد.(دهخدا، 1373: 10250). پێکهاتەی ئاڵۆزی ئاوەزی مرۆڤ، تاکو ئێستا بە تەواوی نەزانراوە و لەگەڵ پێشکەوتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی تەکنەلۆجیا پەیوەست بە بەرهەمهێنانی ئەو ئامێرانەی لاسایی مێشکی مرۆڤ دەکرێتەوە، دەکرێت بۆچوونەکەی دیکارت بە گونجاو بزانرێت، کە دەڵێت: گرفتی ئێمە لە لێکۆڵینەوەی ئاوەز، چۆنییەتی ئەم ئاڵۆزییەیە، نەك ڕادەکەی.(چامسکی، 1384: 15). بۆیە ئاوەز و پرۆسەئاوەزییەکان، بابەتێکی شاراوە و کۆنی زانستە جیاوازەکانی وەك دەروونناسی و فەلسەفە و تەنانەت زمانەوانیشە. گریمانەی ئەوەی، کە مرۆڤ لە سەرەتادا جیاکاری لەنێوان جەستە و ئاوەزدا نەکردووە و ئەم جیاکارییەش لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی خوێندەواری و پەرەپێدانی کەلتووری نووسین دەستپێکردووە، پێشبینیلێکراوە. لەگەڵ گەشەکردنی خوێندەواری، جیهانی دەرەوە، بینراو و بیستراو و کردارەکان دەگرێتەوە. لە جیهانی بیر، مەبەست و حەزەکان، جیابوویەوە، جیهانی دەرەکی، بە جیهانی فیزیکی و جیهانی ناوەکی، بە جیهانی ئاوەز، ناوزەدکرا. لە گریکی کۆن، فەزایەك بۆ بیر و مەبەست و خواستەدەروونییەکان، خرایەڕوو. ئەم فەزامیتافۆرییە، چەند ناوێکی جیاوازی وەك، ڕۆح، دەروون و پاشان، ئاوەز پەیداکرد.(جلاتلی و زارات، 1378: 11). بەلای ئەرستۆوە، ئاوەز تایبەتمەندییەکە، لە مرۆڤدا بوونی هەیە و بەهۆیەوە لە ئاژەڵ جیادەکرێتەوە و هەستپێبدەکات و سەرچاوەی بەدەستهێنانی کۆزانینە.(البطاط، 1440: 10)(کەمال، 2014: 9).

ئاوەز خاوەنی بوونێکی فیزیکی نییە، ناتوانرێت بە چاو ببینرێت، بۆیە وتراوە: بەدڵنیاییەوە، ئاوەز وەك قەوارەیەك(entity) بوونی نییە.(مورافیا، 1995: 14). لەمڕووەوە پێویستە ڕێگایەك هەبێت تا بتوانرێت لە ئاوەز بکۆڵدرێتەوە، ئەوەش، تا لە ڕێگەی زمانەوە لێی نەکۆڵدرێتەوە قابیلی دەستپێگەیشتن نییە، لێکۆڵینەوە لە زمانیش جیا لە دەرکەوتە ئاوەزییەکەی بێسوود دەبێت.(ابراهیم، 2023: 8). شایەنی ئاماژەپێکردنە، بە هۆکاری ئەوەی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی تێڕوانینەکانی زانستەکانی درکپێکردن و لە ناویاندا زمانەوانی درکپێکردندایە، بۆیە هەوڵدەدات، بایەخپێدانی ئەم قوتابخانە زمانەوانییە بۆ ئاوەز بنوێنێت. زانستەکانی درکپێکردن، لێکۆڵینەوەی زانستیانەی ئاوەزە. لێکۆڵەرانی زانستەکانی درکپێکردن، بۆ ئاشکراکردنی نهێنی گەورەترین سەرمایەی مرۆڤ، ئاوەز و خستنەڕووی کردە درکپێکراوەکان و پرۆسە نهێنییەکانی، ئاماژە بە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ، بەواتا زمان و ئاخاوتن دەکەن. چونکە زمان یەکێکە لە نواندنە ئاوەزییەکانی مرۆڤ. هەروەها لە بانگەشەکانی زمانەوانی درکپێکردن ئەوەیە، کە زمان بە بەشێك لە سیستەمی ئاوەزی دادەنێت و تێڕوانینی قوتابخانەکە لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە زمان هێزێکی نامۆدۆلارێیەتییە(non-modular) و پەیوەستە بە هێزە ئاوەزییەکانی ترەوە. بڕوانە(بوشلیق، 2019: 36).

### 1-1-2-2-چەمکی فەزای ئاوەزی(Mental Space):

فەزائاوەزییەکان بە یەکێك لە دروستەچەمکییە بنەڕەتییەکان دادەنرێن، بەستە/پاکێجێکی چەمکی بچووکن، کە چەند ڕەگەزێکیان تێدایە و بەهۆی چوارچێوەکان و مۆدیلەکانی درکپێکردن(cognitive models)لە ئاوەزدا بنیاتدەنرێن و پەیوەندییەك لەنێوانیاندا لەسەر بنەمای لێکچوون دروستدەبێت. بۆیە دەکرێت بە نێوەنجییەك لەنێوان بەچەمککردن و بیرکردنەوە دابنرێن. بڕوانە(طعمة و عبدالمنعم، 2020: 39).

تیۆری فەزائاوەزییەکان کار لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان بۆ بنیاتنانی واتا و یارمەتیدانی گوێگر لە ڕاڤەکردنی واتای شاراوەی دەربڕاوەکان دەکات، لەمڕووەوە هەنگاوی یەکەم بۆ بنیاتنانی واتای ڕستەیەك، پێکهێنانی فەزای ئاوەزی گونجاوە. هەنگاوی دواتر بنیاتنانی پەیوەندی و نەخشەکێشانی نێوان فەزائاوەزییەکانە و پەیوەندییەکانیش پێویستە بەپێی دەوروبەری ئاخاوتن ڕێکبخرێن، چونکە واتا بەردەوام لەسەر بنەمای دەوروبەر بنیاتدەنرێت. بنەماکانی تیۆرییەکە بانگەشەی ئەوە دەکەن، تێگەیشتنی واتا تەنها لە تێگەیشتنی واتای ڕستە کورت نابێتەوە و تەواوی واتای ڕستە لە زانینی واتای وشەپێکهێنەرەکانی چنگناکەوێت، بەڵکو مەبەستە گرنگەکە، بنیاتنانی واتا لە ڕێگای ڕستەوە دەبێت، کە هەمان پرۆسەی بەچەمککردن دەنوێنێت. بەمشێوەیە، واتای دەربڕاوێك لە وشەپێکهێنەرەکانیدا نەشاردراوەتەوە، بەهیچ شێوەیەك، تەنها بەتێگەیشتن و زانینی واتای وشەکانی دەربڕاوێك، ناتوانرێت تێگەیشتن بێتەئارا. وشەکان بە تەنیایی و جیا لە کۆزانیاری و پرۆسەدرکپێکراوەکانی مرۆڤ، ناتوانن واتا ببەخشن.(Turner,1991:206 ).

ئەم تیۆرییە لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی هەندێك گرفتی دێرین لە فەلسەفەی زمان وەك (transparency and opacity of referring، ڕوونی و ناڕوونی لە ئاماژەبەندی)، (پێشگریمانە/Presupposition)، (counterfactuals دژەڕاستییەکان لە زنجیرەی ئاخاوتن)هاتەکایەوە. و بەبڕوای Fauconnier، دەکرێت ئەو بابەتانە لە ڕێگای فەزائاوەزییەکانەوە، تا ڕادەیەك مسۆگەرتر لەوەی پێشتر باسکراوە، پەسنبکرێن*2. بیرۆکەی ئەم تیۆرییە ئەوە دەخاتەڕوو، کە فەزائاوەزییەکان پێکهاتەگەلێکن، مرۆڤ بەپێی درکپێکردنەکانی لە جیهان و بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی لە جیهانی دەوروبەری لە ئاوەزیدا بنیاتیاندەنێت، و دەکرێت وەك بەشێکی گەورەی ئەو دیاردانە دابنرێت، کە لە پاشخانە درکپێکراوەکانیدا، لە کاتی ئاخاوتن و بیرکردنەوە ڕوودەدن. بنەما حوکمکەرەکان بەسەر ئەم کردارانە سانا و گشتین(general)و ئەمەش پێدەچێت، کە لەنێوان زمان و کەلتوورەکاندا گشتگیر و جیهانی بن. کاتێك

ئەم بنەمایانە پێکەوە ئاوێتەدەبن و لە بارودۆخەپراگماتیکییەکاندا(pragmatic situation) جێبەجێدەکرێن، دەتوانن ژمارەیەکی بێسنور لە پێکهاتە و تۆری واتایی بخوڵقێنن.( Fauconnier,1985: xvii-xviii).

ئەم تیۆرییە لە ئەنجامی بەرپەرچدانەوەی جیهانە گریمانەییەکان(Possible Worlds)[*3] لە بواری سیمانتیکی لۆژیکیدا سەریهەڵدا. بڕوانە(احمدی و رجب سلمانی،1389: 107). جیهانی گریمانەیی ئاماژە بە چەندین بارودۆخ دەکات، مرۆڤ تێیدا ئامادەیە، دەوروبەریش یەکێکە لەو جیهانە گریمانەییە. جیهانە گریمانەییەکانی دیکە دەتوانن لەڕووی کات و شوێنەوە لەگەڵ جیهانی ڕاستی و دەوروبەری مرۆڤ جیاواز بن. لەم جیهانەدا مەرجی ڕاستی و دروستی وتنەکان بەپێی جیهانی دەرەوە دەستنیشاندەکرێت، بەواتا ئەگەر ڕستەیەك لەگەڵ ڕاستییەکانی جیهانی دەرەوەدا کۆك بێت ئەوا دروستە و بە پێچەوانەشەوە ئەو ڕستەیە ناتوانێت ڕاستییەك بنوێنێت. بۆ نموونە، لە ڕستەی(هاوکار لە زانکۆ دەخوێنێت)، گوێگر پێویستە بگەڕێتەوە بۆ جیهانی دەرەوە، ئەگەر کەسێك بە ناوی(هاوکار) هەبوو و (لە زانکۆ) بخوێنێت، ئەوا ڕستەکە ڕاست و بە پێچەوانەوە ڕستەیەکی ناڕاستی لێدەکەوێتەوە. بۆیە جیهانی گریمانەیی بە دوای دۆزینەوەی واتا لەنێوان دەربڕاوە زمانییەکان و جیهانی دەرەوە و ڕاستیدایە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا دەتوانرێت فەزای ئاوەزی لەسەر بنەمای ڕستەی ناواقیع بنیاتبنرێت؟ فەزائاوەزییەکان خاوەنی بنیاتێکی درکپێکردنانەن و هەمیشە لە گۆڕاندان و لەمیانەی ئاخاوتندا هەنگاو بە هەنگاو چێوەبەنددەبن، هەروەها فەزائاوەزییەکان دەتوانن ئاماژەپێدەری کەتوار و خەیاڵیش بن. بڕوانە(Fauconnier,1994:36 ). هێڵکاری(1)جیاوازییەکە ڕووندەکاتەوە.




هێڵکاری(١) مۆدێلی درکپێکردنەکان لە قوتابخانەی درکپێکردن بە بەراورد لەگەڵ مەرجی ڕاستی

فەزائاوەزییەکان بۆ مەبەستی پەسنکردنی دیاردەیەك بەکاردەبرێن، ڕاڤە و ناسینەوەی فەزائاوەزییەکان لە بەراوردکردنی ئەو فەزایەی لە جیهانی کەتواردایە، دێنەکایەوە. بۆ نموونە، کاتێك کەسێك پاش دابڕانێك بە هاوڕێکەی دەڵێت:(چەنێك قەڵەو بوویت)، ئەو فەزایەی، ئاخێوەر، گوێگری تێدا لەبەرچاوگرتووە، بە فەزایەکی دیکە بەراوردکراوە. بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت بەشێکی بەرچاوی درکپێکردنەکانی مرۆڤ پەیوەست بە دەوروبەرەکەی لەمیانەی بەراوردکردنی فەزائاوەزییەکان ئەنجامبدرێت. لەمەشەوە ڕووندەبێتەوە، هەر دەربڕاوێك بۆ گوزارشتکردن لە هەڵوێستێك، بەلایەنی کەمەوە، دوو فەزا بەرجەستەدەکات، یەکەمیان فەزایەکی بنەڕەتییە و بەگشتی پەیکاڵە لەگەڵ پەسنی کەتوار و فەزای دووەم، بەشێکە، کە لە فەزای یەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕەنگە خاوەنی گوزارشتێکی ڕاستەقینە یان خەیاڵی یان گریمانەکراو یان ئەنجامی تێڕوانین و دونیابینی لە ڕاستییەکان...تد بێت .بڕوانە(هێڵکاری2).[*4]




هێڵکاری(٢)نواندنی سەرەتایی فەزای کەتوار و بنیاتنراو

### 1-1-2-2-1-فەزای باوان(Parent Space) و منداڵ(Child Space)و تۆڕی فەزاکان:

کاتێك فەزای ئاوەزی نوێ چێوەبەنددەبێت، لەگەڵ فەزائاوەزییەکانی دیکە، کە لەمیانەی ئاخاوتن دروستبوون، پەیوەندی پەیدادەکات و پێیانەوە پەیوەستدەبێت. لەهەر قۆناغ یان هەنگاوێکی ئاخاوتنەکە، یەکێك لە فەزاکان، فەزای بنەڕەتی(Base space)بۆ کۆی پرۆسەکە دەبێت. تایبەتمەندی فەزای بنەڕەتی لەوەدایە، بۆ چێوەبەندکردنی فەزای ئاوەزی نوێ(فەزای ڕابردوو، داهاتوو...)لەبەردەستدایە و لەمیانەی ئاخاوتن، فەزائاوەزییەکان فراواندەبن و پەیوەندی لەنێوانیاندا دروستدەبێت، بەمەش تۆڕێك لە فەزای ئاوەزی بەرهەمدەهێنن. بۆیە چەشنی فەزائاوەزییەکان بەپێی سروشتی سیمانتیکی و پەیوەندییان لەگەڵ کەتواردا، زۆر دەبێت. ئەم فەزائاوەزییانە بە بڕوای Fauconnier، ڕەنگە لە ڕستە یان دەقێکدا پەرەبسێنن. سەرەتا فەزایەکی ئاوەزی یەکەممان هەیە، فەزای دووەمی لێدەکەوێتەوە، پاشان فەزای ئاوەزی دووەم، فەزای ئاوەزی سێیەمی لێدەکەوێتەوە، کە هەریەکە لە فەزائاوەزییە نوێیەکان وەسفی دونیابینی لە کەتوار دەکەن. لەبەر ئەوە Fauconnier، فەزای یەکەمی بە فەزای باوان و فەزای دووەمی بە فەزای منداڵ یان فەزای کچ(Daughter Space)ناوزەدکرد.(Fauconnier,1994:19-18 ).

بەمشێوەیە لە بەردەوامبوونی ئاخاوتندا فەزای نویَ دێنەبەرهەم و هاوشێوەی تۆڕێك لە فەزای ئاوەزی دروستدەکەن. هەروەها لە بەردەوامی ئاخاوتندا، فەزاکان دەگۆڕێن، بەو واتایەی، کاتێك فەزای دووەم(فەزای کچ) بنیاتدەنرێت، دەبێتە فەزای باوان و فەزای نوێ لێبنیاتدەنرێت. وەك لە هێڵکاری(4)دا دەردەکەوێت. فەزای باوان هەمان جیهانی کەتواری ئاخێوەرە، کە بنەمای بەرهەمهێنانی ڕستەکانە. بەواتا فەزای باوان ڕاستی و دروستی جیهانی دەرەوەیە یان بەلایەنی کەمەوە، لەڕوانگەی ئاخێوەرەوە خاوەنی بەهایەکی ڕاستەقینەیە. بەمەش خاڵی دەستپێکردنی چالاکی ئاوەزی دەنوێنن. هەرچی فەزای منداڵ/کچە، فەزایەکی بنیاتنراوە، لەمیانەی پەیوەندییەوە لەگەڵ فەزای باوان پێکدێت، ئاخێوەر لە ڕێگای فەزای باوانەوە بنیاتیدەنێت، واتە لە فەزای کەتوار بەرهەمدێت. هێڵکاری(3) تۆڕی فەزائاوەزییەکان و پاشان هێڵکاری(4) لە کاتی گوزارشتکردنی دەربڕاوێکدا دەنوێنێت.




هێلکاری(٣)تۆری فەزائاوەزییەکان، سەرچاوەی هێلکاری(بوطیش،٢٠٢٢: ٢١٧)




هێلکاری(٤)تۆری فەزائاوەزییەکان(بازنەکان فەزای ئاوەزی و راستەهێڵەکانیش پەیوەندی نێوان فەزائاوەزییەکان دەنوێنن).

### 2-1-بنەماكانی تیۆری فەزای ئاوەزی:

### 1-2-1-ڕەگەزەپێكهێنەرەكانی فەزائاوەزییەكان:

یەكێك لە بانگەشەكانی تیۆری فەزائاوەزییەكان ئەوەیە، فەزاكان، لە كاتی ئاخاوتندا چێوەبەنددەبن، ئەم فەزایانە، چەند ڕەگەزێك لەخۆدەگرن، یان بەشێوەی ڕاستەوخۆ(on-line)پێكهاتوون، یان لەپێشدا لە سیستەمی چەمكی بوونیان هەبووە. كۆمەڵێك دەربڕاوی زمانی، نواندنی ڕەگەزە پێكهێنەرەكان دەكەن. لەوانە:

فرێزەناوییەكان وەك دەربڕاوێكی زمانی یەكێكن لە ڕەگەزەپێكهێنەرەكانی فەزای ئاوەزی، ئەمەش ناوەكان(names)(ناوی تایبەتی، ناوی شوێن، ناوی شت،...)و ناوی ناسراوی و نەناسراوی، وەسفكەرەكان(description) وەك(شاری سلێمانی، سەرۆك وەزیران، شاژن، ...) و جێناوەكان(ئەو، ئێوە، ئەوان) دەگرنەوە. وەسفكەرەكان، هەم ڕەگەزی نوێ دروستدەكەن و هەروەها ئەو ڕەگەزانەی لەپێشدا لەنێو فەزاكان بوونیان هەیە، دەستنیشاندەكەن.( Fauconnier,1985: xxiii). فرێزە ناوییەكان خاوەنی دوو گوزارشتی ناسراوی(definite interpretation)و نەناسراوین( indefinite interpretation). ناوە نەناسراوەكان بەشێوەی لە دواییەك، ڕەگەزی نوێ بۆ ئاخاوتن زیاددەكەن و هەڵدەستن بە ناساندنیان. بەواتا ئەو ڕەگەزانەی نائاشنا، یان پێشتر لە ئاخاوتندا بەكارنەهاتوون. وەك لە ڕستەی (دوێنێ كتێبێكم كڕی و...). هەروەها ناوە ناسراوەكانیش لە ئاخاوتندا بە شێوازی پێشگریمانەیی(Presupposition Mode ) كاردەكەن، چونكە زانیاری نێو ئاخاوتنەكە وەك پێشگریمانەی خۆیان دادەنێن، بەو واتایەی، كە ئاماژە بە ڕەگەزگەلێك دەكەن لەو كاتەدا لە بەردەستن و بۆ ئاخێوەر و گوێگر ئاشنان یان لە كاتی ئاخاوتن، بە بەشێك لەپرۆسەكە دادەنرێن. وەك لە ڕستەی(ئەو كتێبەی دوێنێ كڕیم، خوێندمەوە.).بڕوانە(Saeed, 2009: 377-380)، (Evans & Green, 2006: 372-371).

جگە لەمەش ڕاڤەی دیاردەیەكی وەك(ڕۆڵ/roles)ەكان، كە بە ڕەگەزی پێكهێنەری فەزای ئاوەزی دەنوێنرێن، دەتوانن خاوەنی (بەها/value)ی جیاواز بن. تیۆرییەكە جیاوازی لەنێوان (role)و(value)دەكات، بەمشێوەیەی، كە ڕۆڵ، بۆ مەبەستی پەسنی كەتیگۆری و بەهاش ئەو كەسە یان دیاردەیە بەهۆی كەتیگۆرییەكەوە پەسندەكرێت، لێرەوە، ڕۆڵ دەكرێت كەتیگۆری یان جۆرێكی دیاردەیەك بێت، كە جۆری جیاوازی هەبێت.( Croft& Cruse, 2004:34). بۆ نموونە لە ڕستەی(جێگری سەرۆك وەزیران گەشتی دەرەوەی وڵاتانی كەنداوی كرد.)، جێگری سەرۆك وەزیران، دەكرێت ڕۆڵێك بنوێنێت، خاوەنی بەهای جیاواز لە وڵاتی جیاواز بێت. بە واتایەكی دیكە ڕۆڵەكە بەستراوەتەوە بەو ڕوداوو و پۆستەی تێدایە و گرنگی بەو كەسەی ئەو پۆستەی لە ئەستۆدایە، نادرێت. بە پێچەوانەوە، بەها پەیوەستە بەو كەسەی ئەو پۆستەی لە ئەستۆدایە. بۆیە، ڕۆڵ دەكرێت لە كاتێكی دیاریكراو بە كەسێك و لە كات و سەردەمی جیاوازدا ئاماژە بە چەندین كەسی جیاواز بكات.(Fauconnier,1994:41-40 ) و سنورەكەی، كات و شوێن و ڕوداوو و دەوروبەرەكان دەگرێتەوە.

### 2-2-1-پێكهێنەرەكانی فەزائاوەزییەكان و بەكارهێنانی زمان بەپێی فەزای ئاوەزی:

بەپێی تیۆری فەزائاوەزییەكان، زمان چەندین ئامرازی لەبەردەستدایە بۆ بنیاتنانی فەزا و پەیوەندی نێوان فەزائاوەزییەكان. مرۆڤ لە كاتی ئاخاوتن یان بیركردنەوەدا، چەندین فەزا لە ئاوەزیدا، بنیاتدەنرێت. ئەمەش بەهۆی (پێكهێنەرەكانی فەزا/Space Builders) سازدەبن. پێكهێنەرەكانی فەزا دەربڕاوی زمانین، كە تێپەڕبوون لە فەزایەكەوە بۆ فەزایەكی دیكە دەخەنەڕوو، بوونی ئەم دەربڕاوە زمانییانە فەزای نوێ دێنێتەكایەوە و فرێزی پێشناوی(لە گەرەكەكە، لە ساڵی1929، لە ڕوانگەی ئەوەوە...)،ئاوەڵكردارەكان(لە ڕاستیدا، ڕەنگە، لەوانەیە...)، ئامرازی پەیوەندی وەك(پاشان، یان)هەندێك كرداری تایبەت وەك(بەهیوابوون/hope، باوەڕبوون/believes، خواستن/claims)هەروەها مۆرفیمی نەرێكردن و دەربڕاوە مەرجدارەكان(ئەگەر/if) و (modals)ەكان/كرداری یاریدەدەرەكان وەك(توانین/could, might)پێكهێنەری فەزایین-Fauconnier,1985:17,112 (111). هەروەها تیۆرییەكە، تاف(Tense) و ڕێژە(Moods) و پێكهاتە پێشگریمانەییەكان بە یەكەی زمانی كاریگەر لە بنیاتنانی پەیوەندی فەزای ئاوەزی هەژماردەكات. بڕوانە(Craft & Cruse, 2004: 33-34).

جگە لەمەش، پێكهێنەری فەزای دوانەیی(Double Space Builder) ڕێگا بە بنیاتنانی دوو فەزای ئاوەزی$M_1$و $M_2$ لە یەك كاتدا لە نێو فەزایR دەدات، ئەویش بەهۆی ئەو ئامرازانەی دوو فەزا بنیاتدەنێن، وەك(یان...یان). لە نموونەی(هیوا ئەمڕۆ نەهات، یان نەخۆشە یان ئاگادار نییە.)، فەزای ئاوەزیRبریتییە لە نەهاتنی هیوا، فەزای ئاوەزی$M_1$و $M_2$ هەریەك بەهۆی ئامرازەكانیانەوە بنیاتدەنرێن. بڕوانە(Fauconnier,1994:92).

ئەم پێكهێنەرانە دەربڕاوی زمانین، یان فەزایەكی نوێ بنیاتدەنێن، یان سەرنجی گوێگر بەرەو فەزائاوەزییە پێشتر بنیاتنراوەكان لە ئاوەزیدا ڕادەكێشن، بەواتا گوێگر بەرەو ئەو فەزائاوەزییەی پێشتر پێكهاتووە، دەگەڕێنێتەوە. بۆیە فەزایەكی ئاوەزی لە توانایدایە لە یادگەی درێژخایەنیش گەنجبكرێن. بۆ نموونە چوارچێوەكان، ئەو فەزائاوەزیانەن مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەی هەمانكاتی و ڕاستەخۆ چالاكیانبكات. بۆ ئەمەش(Fauconnier)ئاماژە بە كۆمەڵێك دەربڕاو دەكات وەك فەزای ئاوەزی لە یادگەی درێژخایەن، لەوانەش(مەسیحی لەخاچدراو)ە، ئەم چەشنە لە فەزائاوەزییەكان، بەهەر هۆكارێك، كە چالاكدەبن، فەزای دیكە بە دوای خۆیان دەهێنن، بە مەرجێك بەیەكەوە پەیوەست بن. (عیسای لە خاچدراو)، چوارچێوەیەك لە: (لە خاچدانی ڕۆمانییەكان، سەردەمی منداڵی پێغەمبەر عیسا، مریەم و ئافرەتە پیرۆزەكەی پەنای خاچ/بۆ زانیاری لەمبارەیەوە:بڕوانە https://www.adyannet.com/fa/news/18266)چالاكدەكەن.

هەمان ڕاستی بۆ نموونەیەكی وەك(شاری هەڵەبجە)لە زمانی كوردی گونجاوە. وەك فەزایەكی ئاوەزی لە یادگەی درێژخایەنی تاكی كورد چەندین فەزا بەدوای خۆیدا پەلكێشدەكات و هەموو ئەو فەزائاوەزیانە پێكەوە لە پەیوەندیدان و فەزای دیكە بنیاتدەنێن.(شاری هەڵەبجە)چوارچێوەیەك لە:(ڕژێمی پێشووی عێراق، سەدام حوسێن، كیمیاباران، ئەنفال، كورد و كوردایەتی، گۆڕی بە كۆمەڵ، قڕكردن/لەناوبردن، ڕوفات، منداڵی ونبوو، كەم ئەندامی، شێرپەنجە، حكومەتی هەرێم، خزمەتگوزاری، مووچە، ڕێگاوبان، كارەبا، ئاو، دامەزراندن...تد)ڕەنگرێژدەكات. لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەم فەزائاوەزیانە لە چوارچێوەی دەربڕاوی(شاری هەڵەبجە)چالاكدەبن و پێكەوە لە پەیوەندیدان، هەركامەیان لە توانایاندایە چەندین فەزای ئاوەزی دیكە بنیاتبنێن. و بەمەش بیرۆكەی پێكهاتنی تۆڕی فەزای ئاوەزی جێبەجێدەبێت.

ئەوەی پێکهێنەرەکانی فەزا تایبەت دەکات، ئەوەیە، گوێگر پابەنددەکات بە نەخشاندنی سیناریۆیەك دەربارەی ئەو کات و شوێنەی ئاخاوتنی لەسەر دەکرێت، واتە، دەربارەی(ئێستا و ئێرە). بە چاوپۆشیکردن لەوەی، ئایا ئەم سیناریۆیە ڕەنگدانەوەی کەتوارێکە لە ڕابردوو، داهاتوو، شوێنێکی دیکە، بارودۆخێکی گریمانەیی، یان بارودۆخێك پەیوەستە بە ئایدیا و بیر و باوەڕەوە. بۆ زیاتر ڕاڤەکردنی پێکهێنەرەکانی فەزا نموونەی(1) شیدەکەینەوە.

1-دایکێك لە(ساڵی 2023)، کە باس لە کوڕەکەی دەکات، دەڵێت: لە ساڵی 2013 هێڤار دوو ساڵان بوو.

لە نموونەی(1)، فرێزی پێشناوی(لە ساڵی2013)نواندنی پێکهێنەرێکی فەزا/SBدەکات، (هێڤار) ڕەگەزێکە لە فەزایەکی ئاوەزی بوونی هەیە، هەروەها دەربڕاوی(دوو ساڵان) تایبەتمەندییەکە پەسنی ڕەگەزی نێو فەزائاوەزییەکە دەکات. دەربڕاوی زمانی(لە ساڵی2013)، کە پێکهێنەرێکی فەزاییە، یارمەتی گوێگر دەدات تا وەکو فەزای ساڵی 2013 لەگەڵ منداڵێکی تەمەن دوو ساڵان لە ئاوەزیدا وێنابکات. ئەرکی ئاوەڵکرداری کاتی وەك پێکهێنەرێکی فەزایی نموونەی(1)ئەوەیە، گوێگر لەو کات و ساتەی تێدایە، دادەبڕێت و بەرەو ئەو کاتەی لە مەبەستی ئاخێوەردایە پەلکێشدەکات. ئەمەش وا دەکات گوێگر فەزایەك پەیوەست بەو سەردەم و کاتە لە ئاوەزیدا وێنابکات و لەو فەزایەی مەبەستی ئاخێوەرە بە باشی تێبگات. بەمەش پێکهێنەرەکانی فەزا، فەزای نوێ وەك بەشێك لە فەزای باوان/بنەڕەتی یان پەیوەست بە فەزای بنەڕەتی بنیاتدەنێن. وەك لە هێڵکاری (5)ڕووندەبێتەوە.




هێڵکاری(٥)نواندنی چۆنییەتی بەچەمککردنی ئاوەڵکرداری کات لە نموونەی(١)

پێکهێنەرەکانی فەزا، دەستنیشانکەری بنیاتنانی پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکان و هەروەها هەڵخەری هەمان ڕەگەزن لە فەزای ئاوەزی بنیاتنراو. بۆ نموونە لە ڕستەی(دوێنێ لەچاڤیلاند خەڵك ئاهەنگیان دەگێڕا)، ئاخێوەر بە دەربڕینی ئەو ڕستەیە فەزایەکی ئاوەزی بنیاتناوە، کە لە دوو پێکهێنەری فەزا و ڕەگەزەپێکهێنەرەکان و گەیەنەرێك هاتۆتەکایەوە. ئاخێوەر بەهۆی هەردوو پێکهێنەری فەزایی(دوێنێ)(لە چاڤیلاند)، دەبێتەهۆی ئەوەی گوێگر فەزایەك جیا لەو کات و شوێنەی تێدایە، بنیاتبنێت، بۆ ئەوەی تێگەیشتن بێتەئارا. لەمڕووەوە، بەپێی جۆری پێکهێنەرەکانی فەزا و پەیوەندی نێوان فەزاکان، چوار چەشنی فەزای ئاوەزی دەستدەخرێت.

1-فەزاکاتییەکان/TS/Time spaces: فەزای ئاوەزی ئێستا بە فەزای ڕابردوو، داهاتوو، بەهۆی ئاوەڵکرداری کات، تاف، ڕێژە، دەبەستێتەوە. بەکورتی، فەزائاوەزییەکان بەهۆی کاتەوە بەرجەستەدەبن. وەك لە ڕستەی(باران ئێواران کتێب دەخوێنێتەوە)(ئێواران=TS/فەزای کات).

2-فەزاشوێنییەکان/ (space spaces)(spatial spaces) : ئەو توخمانەی ئاماژەپێدەری شوێنە جوگرافییەکانن وەك ئاوەڵکرداری شوێن، وەك لە ڕستەی(باران لە کتێبخانە کتێب دەخوێنێتەوە. لە کتێبخانە=SS/فەزای شوێن).

3-فەازمەودایەکان/Domain Spaces: بەهۆی بیرکردنەوە یان ئاخاوتن لەسەر چالاکییەکی تایبەت دروستدەبێت، واتا مەودایەك، پەیوەستە بە چالاکییەکەوە، وەك یاری، کار،...تد.

4-فەزاگریمانەییەکان/Hypothetical Spaces: ئاخێوەر بە دەربڕینی ڕستە و دەربڕاوەکان، لەسەر فەزایەکی گریمانەیی، ئارەزوو، ناڕاستەقینەکان دەدوێت. دەکرێت فەزاکان ناڕاستەقینە و لەهەمان کاتدا مەحاڵ بن.(بڕوانە نموونەی 4 لە 2-1)، هەروەها دەکرێت ناڕاستەقینە بەڵام کردنی/شیاوی ڕوودان بن. وەك لە (ئەگەر لە شوێنی تۆ بوومایە، دەمم دادەخست)ئاخێوەر بەهۆی دەربڕاوی گریمانەیی(ئەگەر)هوە فەزایەکی ناڕاستەقینە بەڵام شیاوی ڕوودانی هێناوەتە ئاراوە. هەروەها بڕوانە(ڕەنگە باران لە کتێبخانە کتێب بخوێنێتەوە) لێرەدا فەزای گریمانەیی بەهۆی(ڕەنگە)هاتۆتەکایەوە.(ئەگەر، ڕەنگە=HS/فەزای گریمانەیی)دەبن. بڕوانە:(Fauconnier, 1985:29-31 )( stokwell,2002: 96 ). بەمشێوەیە، بۆ بنیاتنانی فەزائاوەزییەکان و پەیوەندی نێوانیان چەندین ئامراز لەبەردەستدایە و دەکرێت، پێکهێنەرەکانی فەزا لە بنەما گرنگەکانی فەزائاوەزییەکان دابنرێن، بەشێوەیەك لە چەشنی فەزای ئاوەزی دووەم ڕۆڵدەگێڕن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە پێکهێنەرەکانی فەزا تاکە سەرچاوە لە بنیاتنانی فەزای ئاوەزی بن، بەڵکو دەکرێت، مەوداچەمکییەکان(conceptual domains)، کە مرۆڤ پێشتر لە ئاوەزیدا زانیاری لە بارەیانەوە گەنجکردووە، بگرێتەوە بە واتایەکی دیکە مرۆڤ ئاشنایە بەو مەوداچەمکییانە، وەك ئاخاوتن لەسەر(بازاڕکردن) بەهەمان شێوە، فەزایەکی ئاوەزی، دەکرێت لە کۆزانیاری مرۆڤ پەیوەست بە زۆرێك لە مەودا جیاوازەکانی دیکە پێکهاتبێت، بۆ نموونە هەمان فەزای(بازاڕکردن/کڕین وفرۆشتن)دەتوانێت لەگەڵ چەندین فەزای ئاوەزی دیکە وەك(بارودۆخی دارایی، مووچە، بێکاری، قەیران...تد)تێکەڵببێت. ئەمە جگە لەوەی مرۆڤ نابێت لە بنیاتنانی فەزای ئاوەزی چاوپۆشی لە ئەزموون و دونیابینییەکانی بکات. بۆ نموونە کەسێك لە ئەنجامی ئەزموونی پەیوەندی خێزانییدا، بە بینینی(پرچی سپی)ئافرەتێك، فەزای خێزان، دایك و خۆشەویستی بۆ دایکی یان باوکی و چەندین فەزای ئاوەزی دیکەی لا دێتەکایەوە. هەروەها ڕێگایەکی دیکەی بنیاتنانی فەزای ئاوەزی، بەشداریکردنە لە ئاخاوتنی کەسانی دیکە و گوێبیستی قسەکانیان، بەواتا پەیوەندییە زمانییەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا. بۆ نموونە کاتێك کەسێك دەڵێت:(ئەمڕۆ ئۆتۆمبێلێکی ڕەشم کڕی)، هەر زوو، ئۆتۆمبێلێك بە ڕەنگی ڕەش لە ئاوەزی گوێگر بەرجەستەدەبێت. ئاوێتەکردنی فەزائاوەزییە جیاوازەکان، ڕێگایەکی سەرنجڕاکێشی بنیاتنانی فەزای ئاوەزییە،

کە هەمان ئاوێتەبوونی چەمکییە. لە پاڵ ڕاڤەکردنی پێکهێنەرەکانی فەزا لە بنیاتنانی فەزائاوەزییەکان، بەهەمان شێوە، زانیاری پەیوەست بە چۆنییەتی پەیوەندییەکانی نێوان فەزائاوەزییە جیاوازەکان لە ڕێگای ئەرکی پراگماتیکییەوە[6]* پرۆسەدەکرێت. چونکە یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی لەم تیۆرییەدا جێگای سەرنج و بایەخپێدانە، پەیوەندی نێوان فەزائاوەزییەکانە.

## 1-2-3-بنیاتنانی فەزای ئاوەزی لەسەر بنەمای پێوەرەئەندازەییەکان:

پێوەرەئەندازەییەکان لەلایەن (کلۆد فاندلواز)، کە یەکێکە لە خوێندکارانیFauconnier و گەشەی بە تیۆری فەزای ئاوەزی داوە، بۆ تیۆری فەزای ئاوەزی زیادکرا، پێوەرەئەندازەییەکان بریتیین لە(ئاراستە، ماوە، دووری). ئەم چەمکانە، چەمکی ئەندازەیین، بەڵام(فاندلواز) سوودی لێبینین لە گەشەپێدانی تیۆری فەزائاوەزییەکاندا. بەوپێیەی زمانەوانی درکپێکردن تەنها زانستێکی مەعریفی سەربەخۆ نییە، بەڵکو وەك بەشێك لە تۆڕێکی مەعریفی دەمداری دادەنرێت، کە سنووری نییە. هەربۆیە زمانەوانی درکپێکردن جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان زمان و زانستە مرۆڤایەتی و پەتییەکانیش دەکاتەوە. ئەندازەش وەك زانستێکی پەتی و چەمکە دیارەکانی ئەو زانستە دەکرێت لە درکپێکردندا سوودی لێوەربگیرێت، ئەم بۆچوونە هەریەك لە (لیچ، کۆپەر...تد)پشتیوانی لێدەکەن. فاندلواز چەمکە ئەندازەییەکانی(ئاراستە، ماوە، دووری) لە لێکۆڵینەوە لە فەزائاوەزییەکان بەکاردەهێنێت، هەڵبەت مەبەست لە پەسنکردنی فەزا بە سوودوەرگرتن لە هۆکارە ئەندازەییەکان بە نموونە ئەو چەمکانە ڕاڤەی واتا و بنیاتنانی فەزای نوێیە.(یحي و قداش، 2022: 41-45).

1-دووری: لە زمانەوانیدا (ڕەهەندی) بەرانبەر بەکارهاتووە، چەمکێکی ئەندازەییە، تیۆری فەزائاوەزییەکان پێشنیازدەکات بە مەبەستی خستنەرووی ڕەهەندەکانی بەکارهێنانی بابەتێك بۆ بنیاتنانی فەزای ئاوەزی نوێ بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی(لە) لە توانایدایە فەزایەك بنیاتبنێت، چونکە یەك ڕەهەندی هەیە و بەرانبەر بە(at)ی ئینگلیزی دەوەستێت . بەڵام بەپێی بەکارهێنان، کە سەرچاوەی بنیاتنانی فەزایە، دەکرێت چەندین فەزای پێبنیاتبنێین، کە ئەمە ڕەهەندەکانی بەکارهێنانی ئامرازی(لە)یە. بۆ نموونە(لە ماڵەوەم)، لای گوێگر فەزایەکی ئاوەزی بنیاتدەنێت. بەڵام، کە دەوترێت(لە کتێبخانەم) فەزایەکی دیکە بنیاتدەنێت، لەمڕووەوە بەپێی بەکارهێنانە جیاوازەکان، (لە)دەبێتە سەرچاوەی بنیاتنانی فەزای نوێ. بەڵام ئاوەڵکاری(لەسەر) خاوەنی ڕەهەندێك زیاترە، کە ڕاستەوخۆ لە فەزایەك زیاتر بنیاتدەنێت، وەك(لەسەر مێزەکە،لەسەرمنە، لەسەر کورسییەکە، لەسەر دارەکە، لەسەر چیاکە، لەسەر سەر وەك ئەندامێکی جەستە)، کەواتە ئەم دەربڕینە هەر لە بناغەوە خاوەنی چەند ڕەهەندێکە، هەربۆیە دەبێتە سەرچاوەی بنیاتنانی چەند فەزایەکی جیاواز .

2-ماوە: چەمکێکی ئەندازەییە، بەڵام لە لێکۆڵینەوە لە فەزای ئاوەزیدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، بەوەی پەیوەندی نێوان ئامانج و سەرچاوە ڕووندەکاتەوە. بەمەش پێویستە چەمکی ئامانج و سەرچاوە ڕوونبکرێتەوە، پاشان ماوەی نێوان سەرچاوە و ئامانج ڕوونبکرێتەوە، دواتر ماوەی نێوانیان دیاریبکرێت. سەرچاوە، ئەو ئامرازەیە، کە بەکاردەهێنرێت بۆ شوێنی ئامانج، ئامانجیش دیاردەیەکە ناسراوە و بەکاردەهێنرێت. هێڵکاری(6)شوێنی سەرچاوە و ئامانج دیاریدەکات.




هێلکاری(٦)شوێنی سەرچاوە و ئامانج

فاندلواز، گواستنەوە لە فەزای سەرچاوەوە، کە فەزای بنەڕەتییە بۆ فەزای دووەم و سێیەم، کە ئامانجی ناودەنێت، ماوەی فەزای ئاوەزییە، بەڵام Fauconnierپێیوایە ئاخێوەر لە فەزای بنەڕەتییەوە بۆ فەزای دیکە دەڕوات.

3-ئاراستە: چەمکێکی ئەندازەییە، لە تیۆری فەزائاوەزییەکاندا سوودی لێوەردەگیرێت بەوەی، کە ئاخێوەر بە سەرچاوەی ناردن دادەنرێت، مەبەستیشی شوێنی ئاخێوەرە، کە درکپێکردن و هێڵی بینینی ئاخێوەر دەگرێتەوە. ئەمەش پەیوەندی بە ئاراستەی ئاخێوەرەوە دەبێت. ئاراستەکان بەشێوەی بابەتیانە بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە بەکارهێنانی ئاراستەکانی(پێشەوە، پاشەوە، بەردەم، دوا) بۆ دەستنیشانکردنی فەزاکان ڕۆڵیاندەبێت. بۆ نموونە ئەگەر شوێنی لە ئاراستەی نێوان سلێمانی، دەربەندیخان، باوەنوور لەبەرچاوبگیرێت، ئەوا لە سلێمانییەوە بەرەو باوەنوور، باوەنوور دەکەوێتە دوای دەربەندیخانەوە. هەمان ڕاستی بۆ ئاراستەی نێوان سلێمانی دەربەندیخان و باوەنوور، لە کەلارەوە بەرەو سلێمانی بەگوێرەی شوێنی ئاخێوەر، ئەوا باوەنوور لەپێش دەربەندیخاندا دەبێت.

## 1-2-4-بنیاتنانی فەزای ئاوەزی لەسەر بنەمای پراگماتیکی:

وەك پێشینەیەك بۆ تیۆری فەزای ئاوەزی، نۆنبێرگ لە ساڵی 1978 باسی لە فەزای ئاوەزی کردووە، بەڵام دەکرێت وەك سەرەتایەك بۆ تیۆرییەکە سەیربکرێت، چونکە زیاتر کاری لەسەر فەزازمانییەکان دەکرد، بەڵام دواتر دوو ڕەهەندی بۆ هەندێك لە دەربڕاوەکان دیاریدەکرد. وەك(بەهۆی ئەوەی، بەشێك لە...تد)ئەم دەربڕینانە لە ڕاڤەیەك زیاتر هەڵدەگرن، کە دەکرێت پەیوەست بن بە کەتوارەوە و دەشکرێت ڕاڤەیان پەیوەست بێت بە ئاوەزەوە. بەلایFauconnier هوە ئەو چەمکانە، پراگماتیکین، چونکە پراگماتیك ڕێگادەدات لە فەزایەکی ئاوەزییەوە بۆ فەزایەکی دیکە بچێت، هەر پراگماتیکیش سەرچاوەی بنیاتنانی فەزاکان و بنیاتنانی فەزای نوێیە. بۆ نموونە لە چێشتخانەیەکدا، گارسۆن بە ژمێریارەکە دەڵێت: مێزی ژمارە(7)ڕۆیشت و پارەکەی نەدا.

لێرەدا مەبەست لە ژمارە(7)، کەسێکە لەسەر مێزی ژمارە(7)دانیشتووە، کە نانخۆرەکەیە نەك خوودی ژمارەکە، لەو نموونەیەدا ڕاڤەی زمانەوانی بە تەنها تەواوی مەبەست ناگەیەنێت، بەڵکو ئەوە دەورووبەر و بەشداربووان و هەڵوێست و پەیوەندی پراگماتیکی نێوان ئاخێوەر و گوێگر، کە پشتبەستوو دەبێت بە تێگەیشتن، دونیابینی، شارەزایی،...تد بۆ ڕاڤەی واتای ئەو دەربڕینە ڕۆڵیاندەبێت. ئەمانەش سەرچاوەی بنیاتنانی پراگماتیکن، کە فەزای ئاوەزی دروستدەکەن. لەمڕوانگەیەوە تێگەیشتن لە واتای پراگماتیکی لایFauconnier جیاوازە وەك بۆ نموونە لای سیرل. سیرل بۆ تێگەیشتن لە دەربڕینەکان بۆ کەتوار دەگەڕێتەوە، بەڵامFauconnier هەمیشە وابەستەی ئاوەز و فەزای ئاوەزیی دەکات. بۆ زیاتر بڕوانە(بوشلیق، 2019).

## 2-چۆنییەتی بنیاتنانی فەزائاوەزییە جیاوازەکان:

### 1-2-پەیوەندی نێوان وشە و کەتوار و خوودی وشەکان:

فەزائاوەزییەکان دروستەی بەشیین لە کاتی بیرکردنەوە یان ئاخاوتن یارمەتیدەری مرۆڤن بۆ پەییبردن و تێگەیشتنی پەیامی ئاخاوتن. بەپێی ئەم تیۆرییە پەیامی ئاخاوتن بەهۆی پەیوەندی نێوان فەزای بنەڕەتی، واتە جیهانی کەتوار و فەزای بنیاتنراو، واتە دونیابینی ئاخێوەر درکپێدەکرێت. بۆ ئەمەش پێویستە پەیوەندییەك لەنێوان دەربڕاو و کەتوار لە نێو ڕستە و دەربڕاوەکان بەدیبکرێت بۆ ئەوەی تێگەیشتن بێتەئارا. بڕوانە نموونەی(2أ، ب).

2أ-دوێنێ هێڤار چوو بۆ سلێمانی.

2ب-یاریزانەکان یاریەکەیان دۆڕاند، ئەوان بە دڵخۆشییەوە یاریگاکەیان بە جێهێشت.

لە (2أ) ئاخێوەر ئاماژە بە ڕاستییەك لە جیهانی دەرەوە دەکات و دەریدەبڕێت، دوێێ(هێڤار) لە سلێمانی بووە. لە ڕستەکە، پەیوەندی لەنێوان دەربڕاوەکان و کەتوار بەدیدەکرێت و ئەم هەواڵە لە کەتوار و جیهانی کەتواریدا خاوەنی بەهای ڕاستییە. بەڵام گریمانەی ئەوە دەکرێت هەموو کات دەربڕاوەکان پەیڕەوی حاڵەتی لەو شێوەیە نەکەن، چونکە، تا ئەو کاتەی فەزایەکی ئاوەزی(R)لەگەڵ فەزایەکی ئاوەزی دیکە(M) نەگونجێت، بەواتا هەندێک پەیوەندی، کە لە (R)دا دیاریکراوە بۆ توخمە هاوتاکان لە (M) گونجاو نەبێت. ئەو دوو فەزائاوەزییە ناتوانن پەیوەندی بنیاتبنێن.( Fauconnier, 1985:109). بەواتایەکی دیکە فەزابنیاتنراوەکان بەپێی کات، دونیابینی، خواست و ئارەزوو، بیر و باوەڕ، دەکرێت پەیوەندی لەگەڵ کەتواردا دروستنەکەن. بۆیە هەرچی (2ب)هـ، لە بەشی یەکەمی ڕستەکەدا، پەیوەندییەك لەنێوان وشە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە لەگەڵ کەتوار و جیهانی کەتواریدا بە دیدەکرێت، لە درێژەی گفتوگۆکە ئاخێوەر ڕایدەگەیەنێت، یاریزانەکان، سەرەڕای(دۆڕاندنیان)، بەدڵخۆشییەوە یاریگایان بە جێهێشتووە. ئەم کردارە واتە،(خۆشی دەربڕین)، بەپێی درکپێکردن و ئاگایی و دونیابینی مرۆڤ هەمبەر بەو دەورووبەرەی تێیدا ڕوودەدات، بۆ مەبەستێك بەکاردەهێنرێت، سەرکەوتنێك تۆمار کرابێت. لێرەشەوە ناتوانرێت پەیوەست بە کەتوار، خاوەنی بەهایەکی ڕاستەقینەیی بێت، لە(2ب) ئاخێوەر کردەیەك دەخاتەڕوو، پەیوەندییەکەی لەگەڵ کەتواردا تارادەیەکی زۆر ئەستەمە، بەواتا لە حاڵەتێکی ئاساییدا، ناتوانرێت بارودۆخێك لە جیهانی کەتواردا بدۆزرێتەوە، تێیدا کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك، سەرەڕای دۆڕاندنیان، دڵخۆشی خۆیان دەربڕن. لەمەشەوە سەرنەکەوتنی بنیاتنانی پەیوەندی نێوان یەکەکانی ڕستەی هاوشێوەی(2ب) پێشبینیلێکراوە و ڕستەکە لەگەڵ جیهانی کەتوار ناگونجێت و پەیکاڵ لەگەڵ ئەمەشدا، فەزائاوەزییەکان ناتوانن پێکەوە پەیوەندی بنیاتبنێن و لە ئەنجامدا سەرکەوتنی پرۆسەی تێگەیشتن لە واتای دەربڕاوەکە ئەستەم دەبێت.

#### 1-1-2-ڕۆڵی دەورووبەر لە بنیاتنانی فەزائاوەزییەکان:

قوتابخانەی درکپێکردن بانگەشەی ئەوە دەکات، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمان لە دەورووبەردا، پرۆسەی بەچەمککردن دێتەکایەوە، ئەمەش هیچ سنورێك لەنێوان سیمانتیك و پراگماتیکدا ناهێڵێتەوە. تێڕوانینەکانی Fauconnier لەگەڵ دید و بۆچوونی قوتابخانەکەیدا یەکدەگرنەوە، بەوەی کە، لە بنەما گرنگەکانی تیۆری فەزائاوەزییەکان، بنیاتنانی پەیوەندی لەنێوان فەزائاوەزییەکان و لە ئەنجامدا پێکهێنانی واتا، بەردەوام بەهۆی دەورووبەرەوە بەرهەمدەهێنرێت. لەم تیۆرییەدا پێکهێنانی واتا لەسەر بنەمایەکی دەورووبەرییانە وەستاوە. چونکە دەکرێت، دەورووبەر کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر واتای وشە و دەربڕاوەکان هەبێت. لەم تیۆرییەدا، ڕاڤەی واتای دەربڕاوەکان بە جیاکردنەوەیان لە دەورووبەر، کارێکی ئەستەمە. لەمڕوانگەیەوە بەپێی بارودۆخ و دەورووبەری ئاخاوتنەکان، دەربڕاوەکان لە توانایاندایە، سیناریۆگەلێکی جیاواز بهێننەکایەوە، هەریەکەیان فەزایەکی ئاوەزی دەنوێنن و پاڵپشت بە هەر بارودۆخێك واتایەکی جیاواز و فەزای ئاوەزی جیاواز بەرهەمدێنن. لەم توێژینەوەیەدا، بەپشتبەستن بەڕاڤەکارییەکانی (Evans & Green, 2006: 369-370) بۆ نموونەکەیFauconnier(1997: 14)، کە پەیکاڵە لەگەڵ ڕستەی(3)دا، بە شێوەی فەزای ئاوەزی دەنوێنرێت.

3-If I were your father I would smack you / ئەگەر من باوکت بوومایە، لێمدەدایت.

بە گریمانەی ئەوەی، نموونەی(3)لەلایەن دایەنی منداڵێکەوە لە کاردانەوەی ئاژاوەگێڕی منداڵەکە وتراوە، سیناریۆیەك دەنوێنێت، پێچەوانەی ڕاستی جیهانی دەرەوەیە. بۆ ئەمەش تیۆری فەزائاوەزییەکان سێ ڕاڤە بەپێی دەورووبەری ئاخاوتنەکە و لە ئەنجامدا سێ فەزای ئاوەزی بۆ ئەم دەربڕاوە گریمانە دەکات[*7].

دەورووبەری1/ باوکێکی خۆڕاگرو لێبوردە: لەم دەورووبەری ئاخاوتنە، b لەو بڕوایەدایە، a وەك پێویست مامەڵە لەگەڵ منداڵەکەیدا ناکات و پێویستە توندتر بێت. پەیوەندی نێوان فەزای ئاوەزیR و فەزای ئاوەزیM بەمشێوەیە دەبێت، کە تێیدا b، خاوەنی ڕەوشتێکی توندە خۆی دەخاتە شوێنی a. ئەوەی لە فەزایM، کە لەسەر بنەمایەکی ناڕاستەقینەیی پێکهاتووە، گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوەیە، باوکی منداڵەکە(a`) هەمبەر بە هەڵسوکەوتەکانی منداڵەکەی خۆڕاگری خۆی لەدەستدەدات و سزای دەدات. ئەنجامی ئەم ڕاڤەیە لە فەزای M ئەوەیە، ئاژاوەگێڕی منداڵەکە بەهۆی کەمتەرخەمی و لێبوردەیی aیەوەیە و ئەمەش دەرخەری ویستی سزادانی منداڵەکەیە لەلایەن bیەوە، بۆیە لە فەزای M، چۆنییەتی پەروەردەکردنی `a کە باوکی منداڵەکەیە لە دونیای کەتواردا دەخاتەڕوو، کە هەڵگری خەسڵەتی توڕەیی دایەنەکەیە. بڕوانەهێڵکاری(7).




هێڵكاری(7)نواندنی دەوروبەری ئاخاوتنی/1و پەیوەندی نێوان فەزای MوRبۆ ڕستەی(3).

دەوروبەری2/ ڕاڤە و بنیاتنانی فەزای ئاوەزی پەیوەست بە باوکێکی توندڕەو: لەم ڕاڤەیەدا، a توندڕەوە و b بە خوو ڕەوشتێکی میهرەبانانە، ئەخوازێت لە شوێنی aبوایە، لەم فەزایە، b ئامۆژگاری منداڵەکە دەکات،کە(ئەگەر باوکت لە جێی من بوایە سزای دەدایت)لەم ڕاڤەیە، ڕاستی ئەوەیە، باوکەکە کەسێکی تورەیە و ئەمجارە دیە، لە فەزای M، شوێنی bی گرتۆتەوە. فەزای Mنواندنی سیناریۆیەك دەكات، كە لە بارودۆخێکدا، aخاوەنی ڕەوشتێکی توندە،b ئارامگرتنی زیاتر لە خۆی دەنوێنێت. ئەم دەوروبەری ئاخاوتنە هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنی هەمبەر بە b دەخاتەڕوو. بڕوانەهێڵكاری(8).




هێڵكاری(8)نواندنی دەوروبەری ئاخاوتنی/2لە پەیوەندی نێوان فەزای Rو Mبۆڕستەی(3).

دەوروبەری3/لەم دەوروبەرەدا مەبەستی دایەنەکە ئەوەیە،(هۆکاری سزانەدانت ئەوەیە، کە مافی ئەوەم نییە.)واتە مەبەستی b لەو ڕستەیە ئەوەیە،(ئەگەر باوکی منداڵەکە بوومایە لێمدەدا). فەزایRلە دەوروبەری ئاخاوتنەکە، شتێك پەیوەست بەوەی، aمنداڵەکەی خۆی لە جیهانی کەتوار سزادەدات یان نا، نانوێنێت لەم سیناریۆ ناڕاستەقینەیە، a وەك باوکی منداڵەکە سزای منداڵەکە دەدات. واتای ئەم ڕاڤەیە لە جیهانی کەتواردا ئەوەیە، ئەرکەکانی b سنوردارن و مافی سزادان و لێدانی منداڵەکەی نییە، واتە فەزایەکی ئاوەزی (گریمانەیی/HS)ی بنیاتدەنرێت، کە لەو فەزائاوەزییە گریمانەییە، b ڕۆڵی aی هەبێت. بڕوانە هێڵكاری(9).




هێڵكاری(9) نواندنی فەزای R بەرەو فەزای M و پەیوەندی نێوانیان بۆ نموونەی(3).

بۆ ڕاڤەکردنی زیاتر بڕوانە نموونەی(4).

4-ئەگەر جارێکیتر لە دایك بوومایە، ژیانێکی جیاواز دەژیام.

دەربڕاوی(4) بە بنیاتنانی فەزایەکی گریمانەیی ناڕاستەقینە، لە توانایدایە، سێ دەوروبەری جیاواز لە ئاوەزی مرۆڤ بنەخشێنێت، هەریەك لەو دەوروبەرانە، فەزایەکی ئاوەزین. لەم حاڵەتەدا بەپێی هەر بارودۆخێک واتای جیاوازی لە نموونەی(4)دروستدەکرێت. بۆیە فەزائاوەزییەکانی نموونەی(4) بەپێی دەوروبەری جیاواز، دەکرێت ڕاڤەکاری خوارەوە لەخۆبگرێت:

دەوروبەری1/ ئاخێوەر لە دەوروبەرێکدا ئەم ڕستەیە دەردەبڕێت، لە بارودۆخی ژیانی واتە ئەو کارانەی تاکو ئێستا ئەنجامی داون یان ئەو بارودۆخەی بە بێویستی خۆی تێکەوتووە، نارازییە، بەڵام توانای گۆڕینی ئەو بارودۆخانەی نەبووە و لە ژیانێکی دیکەدا بە دوایدا دەگەڕێت.

دوروبەری2/ ئاخێوەر بەگشتی لە ژیانی خۆی ڕازییە، بەڵام ئارەزوو دەکات جارێکی دیکە بێتەوە ئەم ژیانە و بە شێوازێکی دیکە بژیت، کاری زیاتر بکات.

دەوروبەری3/ئاخێوەر لە دەوروبەرێکدا هەڵدەستێت بە دەربڕینی نموونەی(4)، کە بە چاوپۆشیکردن لە ڕازیبوون یان نارازیبوونی، دەیەوێت دوبارە بگەڕێتەوە و سەرلەنوێ ژیانی تاقیبکاتەوە، بەڵام بەئەستەمی دەزانێت.

لەڕاستیدا، هەر دەربڕاوێك، بەپێی دەوروبەرەکان ڕاڤە و چەندین فەزای جیاواز لەخۆدەگرێت، دەکرێت، هەریەکەیان خاوەنی پەیوەندییەکی جیاواز بن لەنێوان کەتوار و سیناریۆ بنیاتنراوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاڤەی وردی هەر دەربڕاوێك پەیوەستە بەمەبەستی ئاخێوەر و ڕاڤەکارییەکانی گوێگر و بەو وردەکارییە دەوروبەرییانەی، دەربڕاوەکە تێیدا دێتەگوتن. بۆ نموونە بەپێی ڕستەی(4) گریمانەی ئەوەی، کە ئاخێوەر لە ژیانێکی پڕکێشە و گرفتدا بێت، ئەوا ڕەنگە ڕاستی و دروستی دەوروبەری گوتنی یەکەم زیاتر بێت.

## 2-1-2-ئەرکی دانەپاڵ و ڕۆڵی لە پەیوەندی نێوان شتەجیاوازەکان:

واتای دەربڕاوەکان لە وشەپێکهێنەرەکانیاندا نەشاردراوەتەوە، تەنها بە تێگەیشتن و زانینی واتای وشەکانی دەربڕاوێك، ناتوانرێت تێگەیشتن بێتەئارا. چونکە فەزاچەمکییەکان، کە لە جۆراوجۆری زانیارییە کەسییەکان پێکدێن، پێکهێنەرەکانی فەزائاوەزییەکانن، لەڕووی بنەمای هەمەکی لە زماندا. واقیع و ڕۆشنبیری ستراتیژی لەخۆگرتنی زانیارییەکان، کە خاوەنی پانتایین دەخەنەکار.(نەبی، 2015: 39). فەزائاوەزییەکان هەڵگری زانیاری تایبەتمەندن، لەسەر بنەمای ستراتیژییە کەلتووری و پراگماتیکی و زمانییەکان بنیاتدەنرێن، ئەمەش وا دەکات فەزای جیاواز بنیاتبنرێت و ڕاڤەی جیاواز بهێنێتەئارا. پەیکاڵ لەگەڵ ئەمەدا، بە بەکارهێنانی یەکەی زمانی و دانەپاڵی لەگەڵ یەکەی دیکە، فەزای جیاواز و ڕاڤەی جیاواز سەرهەڵدەدات. بۆ نموونە لە یەکەیەکی زمانی وەك(ڕەش) و دانەپاڵی لەگەڵ یەکەی دیکە لە نموونەکانی (5)دا ڕادەمێنین.

5أ-کراسەکە ڕەشە.

5ب- دەست ڕەش

5پ-هەناو ڕەش

5ت-بازاڕی ڕەش

5د-بەختی ڕەش

لە جیهانی ڕەنگەکاندا، (ڕەش) وەك ئاوەڵناوێك دەنوێنرێت، بە دانەپاڵی لەگەڵ یەکەکەی جیاواز، فەزای جیاواز و لە ئەنجامدا ڕاڤەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە. لە(5أ)دا پەیکاڵ لەگەڵ(کراس) دەکرێت نواندنی فەزایەك بکات، کە ڕەشبوونی ڕەنگی کراسەکەیە، بەواتا ڕەشە نەك ڕەنگێکی دیکە. هەمبەر بەمە، هەمان یەکەی زمانی لە(5ب)، جگە لە واتا فەرهەنگییەکەی یەکەپێکهێنەرەکانی فرێزەکە، بەپێی دەوروبەری ئاخاوتنەکە، فەزایەکی جیاواز یان چەند فەزایەکی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، کە بریتیین لە(کەسێکی بێخێر، بکوژ، تێکدەر واتا دەست بۆ هەر شتێك دەبات تێکیدەدات، کەسێکی باش نییە)، هۆکاری لێکەوتنەوەی فەزائاوەزییە جیاوازەکان لە (5ب) و ڕاڤەی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکی دانەپاڵی یەکەی زمانی (دەست)، بە هەمان شێوەش بە دانەپاڵی(هەناو) بۆ ئاوەڵناوەکە، فەزای جیاوازتر بەرجەستەدەبێت، ئەویش کەسێك لە ڕووکاردا خۆی بە باش بنوێنێت، بەڵام لە دڵەوە خاوەنی نیەتێکی پاك نەبێت. لە (5ت) فەزای ئاوەزی تایبەت بە کارێکی نایاسایی لێکەوتۆتەوە، لە(5د) (بەخت) دەبێتەهۆی ئەوەی، ڕاڤەیەکی جیاواز و فەزایەکی جیاواز بنیاتبنرێت جیا لە فەزاکانی دیکە، هەرچەندە هەر ئاوەڵناوی (ڕەش)ی لەخۆگرتووە، بۆیە ئەو فەزائاوەزییەی لەم فرێزەدا هاوکات لەگەڵ کۆی دروستەکە بنیاتنراوە بریتییە لە: (بێچارەیی). لێرەشەوە، یەکەزمانییەکان لە نموونەکانی(5أ-د) بە تەنها لە توانایاندا نییە واتای دەربڕاوەکان دەستنیشانبکەن، بەڵکو لەسەر بنەما کەلتووری و مەبەستە پراگماتیکییەکان و دانەپاڵیان لەگەڵ یەکەی جیاواز، فەزا و ڕاڤەی جیاواز دەهێننە ئارا.

## 2-2-پراگماتیك و گواستنەوەی واتا لەنێوان فەزائاوەزییەکان:

کارەکانی Fauconnier پێداگریکردنە لەسەر ناواخنی بنەمای سەرەکی قوتابخانەی درکپێکردن، لە دانەبڕوای سیمانتیك و پراگماتیك لەیەکتر. لێرەشەوە تیۆری فەزائاوەزییەکان بانگەشەی ئەوە دەکات، ئەو پرۆسە و میکانیزمەی لە بنیاتنانی واتای سیمانتیکی بەشدارە، پەیکاڵە لەگەڵ هەمان ئەو پرۆسە و میکانیزمەی واتای پراگماتیکی بنیاتدەنێن. ئەمەش پەیڕەوکردنی بنەمای زمانەوانی درکپێکردن لە تیۆرییەکەدا ڕەنگرێژدەکات.

لەم تیۆرییەدا زانیاری پەیوەست بە چۆنییەتی پەیوەندییەکانی نێوان فەزائاوەزییە جیاوازەکان پرۆسەدەکرێت. چونکە یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی لە تیۆرییەکە جێگای سەرنج و بایەخپێدانە، پەیوەندی نێوان فەزائاوەزییەکانە. توخمی فەزائاوەزییە جیاوازەکان بەهۆی گەیەنەرەکان(Connectors) پێکەوە پەیوەندی بنیاتدەنێن، توخمەهاوتاکان(Counterparts) لەسەر بنەمای ئەرکی پراگماتیکیانە چێوەبەنددەبن، واتا کاتێك دوو ڕەگەز یان زیاتر لە فەزای ئاوەزی جیاواز، ئەرکی پراگماتیکیانەی پەیوەندیداریان پێکەوە هەبێت، بە هاوتا(Counterpart) دادەنرێن.(Evans & Green, 2006: 375). مرۆڤ بە دیاردەکانی جیهانی دەرەوە سوود لە ناوەکان وەردەگرێت. بەواتا سوود لە دەربڕاوە ئاماژەپێدەرەکان بۆ ئاماژەپێدان بۆ دیاردەکانی جیهانی دەرەوە دەبینێت. بۆ نموونە کاتێك دەوترێت(سالم شاعیرێکی ناسراوی کوردە.)، دەربڕاوی(سالم) ئاماژەپێدەری کەسێکە بەناوی(سالم)، واتا ناوێکی تایبەت ئاماژەپێدەری کەسێکی تایبەت لە جیهانی دەرەوە. بەڵام هەندێك کات تاکە ناوێك بۆ ئاماژەپێدان بە دیاردەگەلێکی جیاواز بەکاردەهێنرێت. بڕوانە نموونەکانی(6).

6أ-شاعیری بەناوبانگ، عەبدوڕەحمان کوڕی محەمەد ناسراو بە(سالم) لە ساڵی1800 بۆ 1866 ژیاوە.

6ب-دوێنێ لە گردی سەیوان (سالم)مان بەسەرکردەوە.

6پ-چێژ لە خوێندنەوەی(سالم) دەبینم.

6ت-(سالم)یان لە پارکی شار دانا.

6د-ئەمڕۆ (سالم) زۆر قەرەباڵغ بوو.

6ر-سبەینێ لە کەناڵی نێت تیڤی ئەڵقەی یەکەمی(سالم)پێشکەشدەکرێت.

لە نموونەکانی سەرەوەدا ناوی(سالم) ئاماژە بۆ چەندین دیاردەی جیاواز دەکات. نموونەی(6أ) ئاماژە بە کەسێتی شاعیر دەکات، لەو سەردەمەدا ژیاوە. لە(6ب) ئاماژە بە گۆڕی شاعیر لە شاری سلێمانی دەکات، هەرچی(6پ)یە دیوانی شاعیر دەگرێتەوە و لە(6ت)، ناوەکە پەیکاڵە لەگەڵ، پەیکەری شاعیری ناوبراو و هەروەها لە(6د) (سالم) دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ ئاماژەپێدان بە شەقامێکی شاری سلێمانی، کە بەو ناوەوە ناونراوە، کەچی لە(6ر)دا ئاماژەپێدەری کەسێتی خوودی شاعیر نییە، بەڵکو زنجیرەیەکە، تایبەت بە ژیانی ئەو شاعیرە. Fauconnierبۆ ڕاڤەکردنی نموونەی لەم جۆرە(6أ-ر)، سوود لە فەزائاوەزییەکان و چۆنییەتی پەیوەندی نێوانیان دەبینێت و لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی جاکندۆف(1975)و نۆنبێرگ(1978)[*8] لە شێوازێك دەکۆڵێتەوە، کە ئاخێوەر بۆ ئاماژەکردن بە دیاردەکان، ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ دەگرێتەبەر. نۆنبێرگ لە لێکۆڵینەوەکانیدا پەیوەست بە ئاماژەپێدان/ئاماژەبەندی، ئەرکی پراگماتیکییانە(pragmatic Function) بۆ پەیوەندی بە دوو دیاردە بە گرنگ دەزانێت و پێیوایە ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان دوو دیاردە بە هۆکاری دەروونی، کەلتووری، پراگماتیکی دروستدەبێت، ئاماژەدان بە دیاردەیەك لە ڕێگای دیاردەیەکی دیکەوە دەستدەخات.( Fauconnier, 1985: 3). ئەمە جگە لەوەی لە نموونەکانی(6أ-د)پێکهێنەرەکانی فەزا، ئەزموون، مەوداچەمکییەکان، ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن لە بنیاتنانی فەزای ئاوەزی جیاواز و پەلکێشکردنی ئاخێوەر لە فەزای کەتواری دەربڕاوەکە بەرەو ئاراستەی ئەوکات و شوێنەی لە ڕستەکاندا نوێنراوە.

پێش ڕاڤەکاری دیاردەی لەوجۆرە لە ڕێگای فەزائاوەزییەکانەوە، پێویستە سەرەتا سەرنجبدرێتە ئەوەی چۆن خوودی فەزائاوەزییەکان پێکەوە پەیوەستدەبن و پەیوەندی لەنێوانیان دروستدەبێت. لەمیانەی ئاخاوتندا فەزای ئاوەزی جیاواز پێکدێت و هەریەك لەو فەزایانە خاوەنی ڕەگەزی تایبەتمەندن بە خۆیان، بۆیە کاتێك ڕەگەزەکانی نێوان دوو فەزای ئاوەزی پێکەوە پەیوەندییەك دادەمەزرێنن، لەنێوان ئەو دوو فەزائاوەزییەش پەیوەندی دروستدەبێت. ئەگەر پەیوەندی نێوان ڕەگەزی فەزائاوەزییە جیاوازەکان هاوتا و هاوچەشن و وەکیەك بوون، ئەوکات لە ڕێگای گەیەنەرەکانەوە پێکەوە دەبەسترێنەوە، ئەم پەیوەندییەش لە ڕێگای ئەرکی پراگماتیکییانە دێتەکایەوە. بە واتایەکی دیکە کاتێك لەنێوان ڕەگەزێك یان چەند ڕەگەزێك لە فەزائاوەزییە جیاوازەکان، ئەرکی پراگماتیکی پەیوەندیدار هەبێت، ئەو ڕەگەزانە بە هاوتا دادەنرێن و پەیوەندی لەنێوانیاندا دێتەکایەوە و گوێگر لە مەبەستی ئاخێوەر تێدەگات.( Evans & Green, 2006: 375 ). بەپشتبەستن بەتێڕوانینەکانی Fauconnierبڕوانە نموونەی (7).

7-هەرێم لەگەڵ شاندی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کۆ دەبێتەوە.

لە نموونەی(7)دا، بکەری ڕستە هەڵگری تایبەتمەندی ئاماژەپێدانی نائاساییە، بەواتا (هەرێم) ئاماژە بە دامەزراوەیەك ناکات بە ناوی حکومەتی هەرێم، بەڵکو مەبەست بەرپرسانی هەرێمە، گوێگر بە بیستنی ڕستەی (7)بە تەواوی لە مەبەستی ئاخێوەر دەگات و بیری بەرەو ئاراستەی ئەو کەسەی خاوەنی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمە دەڕوات، نەك خوودی دامەزراوەکە، ئەمەش گوزارشت لە کۆزانیاری پێشینەیی و دونیابینی گوێگر دەکات. هۆکاری ئەوەی، کە گوێگر لە ڕێگای ناوی دامەزراوەیەکی وەك(حکومەتی هەرێمی کوردستان) بە کەسەکە دەگات ئەوەیە، لە ئاوەزیدا، دوو فەزای ئاوەزی سازدەبێت، لە فەزایەکیان، کە گوزارشت لە کەتواری جیهانی دەرەوە دەکات، دامەزراوەیەك بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، سەرۆکێکی هەیە و لە فەزایەکی دیکەش، کە گوزارشت لە دونیابینی گوێگر دەکات، ئەو کەسەی سەرۆکایەتی ئەو دامەزراوە دەکات، بوونی هەیە. لەم کاتەدا ڕەگەزە پەیوەندیدارەکان بەهەر فەزایەك لە ڕێگای ئەرکی پراگماتیکیانە، واتە(دامەزراوە و سەرۆك)پێکەوە دەبەسترێنەوە و لەنێوان ئەو دوو فەزائاوەزییە پەیوەندی دێتەکایەوە و گوێگر لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە لە مەبەستەکە تێدەگات. بڕوانە هێڵکاری(10)




هێڵکاری (10)نواندنی پەیوەندی نێوان فەزا ئاوەزییەکانی(نموونەی7).

لەمەشەوە، بۆ ئەوەی گوێگر لە توانایدا بێت لە ڕێگای ناوەکانەوە ئاماژە بە دیاردەکانی جیهانی دەرەوە بدات، پێویستە ئەرکێکی پراگماتیکییانە لەنێوان ناو و دیاردەکە بوونی هەبێت. لەمڕووەوە، Fauconnierبنەمای ناسینەوەی(identification principle)[*9] خستەڕوو. لە نموونەی(6پ)(چێژ لەخوێندنەوەی سالم دەبینم) دوو دیاردەی (بزوێنەر/Trigger)و (ئامانج/Target) بەپێی ئەرکی پراگماتیکییانەی ڕستەکە دیاریدەکات و پەیوەندی نێوانیان ڕوووندەکاتەوە. لەو ڕووەوە، کە لەنێوان کەسێتی (سالم)و (کتێبەکەی) پەیوەندی پراگماتیکییانە بوونی هەیە، ناوی نووسەر یان شاعیرەکە لە بری کتێبەکە بەکاردەهێنرێت. یاسای گشتی ئەم بنەمایە دەڵێت: ئەگەر دوو ڕەگەزی a, b بەهۆی ئەرکێکی پراگماتیکییانە پەیوەندییان هەبێت واتە b=F(a) ئەوکات پەسنی a واتە $d_a$ دەکرێت بۆ ڕەگەزە هاوتاکەی واتە bبەکاربهێنرێت[*10].(جهيدةو عبدالغالي، 2022: 344). لەمەشەوە، کەسێتییەکی وەك(سالم) بە بزوێنەر و کتێی هۆنراوەکانی بە ئامانج دادەنرێن. هێڵکاری(11) نموونەکە دەنوێنێت. ئەمە جگە لەوەی ئەرکی پراگماتیکی دیکەش دەکرێت، بگیرێتە بەرچاو، بۆ نموونە، لەوانەش ئەو ئەرکەپراگماتیکییانەی مرۆڤ بە وێنەکەیەوە، بە زانیارییەکانەوە، بە جەستەیەوە، بە ناوەکەیەوە دەبەستێتەوە و بەکارهێنانی هەریەك لەو ئەرکە پراگماتیکییانە، ڕاڤەگەلێکی جیاواز و فەزای جیاواز پەیوەست بە نموونەکەوە بەدەستدەدات.




هێڵکاری(11) بنەمای ناسینەوە، پەیوەندی ناو لەگەڵ شت

لەگەڵ ئەمەشدا، دیاردەیەك دەكرێت دوو فەزای ئاوەزی جیاواز بە دوو ڕاڤەی جیاوازەوە لێبکەوێتەوە. بڕوانە نموونەی(8):

8- دوێنێ لە بەرنامەی(ماڵی ئێمە)، دینا قەڵەو بوو.

ئاخێوەر کەسێك لە جیهانی کەتوار بە ناوی (دینا) وێنادەکات، کە لە فەزایەکی ئاوەزی، لەڕووی لەشولارییەوە، لاوازە و لە فەزایەکی ئاوەزی دیکە، قەڵەو بووە، لە کاتێکدا هەردوو فەزاکە ئاماژەیە بەهەمان کەس. بەپێی ڕستەی(8) کەسێك بە ناوی(دینا) لە جیهانی دەرەوەدا هەیە، خاوەنی لەشولارێکی لاوازە و لە بەرنامەکەدا، هەمان کەس، قەڵەو بووە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە پەیوەندی لەنێوان دوو فەزای ئاوەزی R فەزای ئاوەزی M بەهۆی پەیوەندییەکی پراگماتیکی پێکهاتووە و دەکرێت بە هێڵکاری(١٢)بخرێتەڕوو.




هێڵکاری(12): بنەمای ناسینەوە، پەیوەندی نێوان فەزائاوەزییەکان پەیوەست بە (دینا)لە جیهانی کەتوار و فەزای بەرنامەکە.

## ئەنجام:

1-هەرچەندە درکپێکردن کردەیەکی ناوەکی و پرۆسەیەکی ئاوەزییە، بەڵام زۆرجار پەیوەستە بە کەتوار و لەڕێی دەورووبەرەوە پرۆسەکە تەواودەبێت. فەزائاوەزییەکان وەك تیۆرییەکی درکپێکردن، جەخت لەسەر ئەو لایەنە واتە پەیوەندی نێوان دەربڕینەکان و کەتوار دەکاتەوە.

2-فەزائاوەزییەکان دەرفەتی زیاتر بۆ ڕاڤەی پێکهاتە زمانییەکان دابیندەکەن و چۆنییەتی بنیاتنان و بەرهەمهێنانی واتا لە ئاوەزدا دەنوێنن.

3-پێکهێنەرەفەزاییەکان لە ئامرازەکانی بنیاتنانی فەزای ئاوەزین. کاریگەرییان لە بنیاتنانی فەزای ئاوەزی دووەم واتە فەزای بنیاتنراو دەبێت و دەتوانن ڕابردوو بە ئێستا و داهاتوو ببەستنەوە.

4-ئەزموون و دونیابینی و کۆزانیاری و مەبەستە پراگماتیکییەکان، ڕۆڵێکی پڕبایەخ لە بنیاتنانی فەزائاوەزییەکان دەگێڕن. لەگەڵ ئەوەشدا، چوارچێوە و مەوداکان لە چالاککردنی فەزائاوەزییەکان دەورێکی باڵایان هەیە.

## پەراوێزەکان:

[1]* لە زمانەوانی درکپێکردن، ئەم زاراوەیە خاوەنی بایەخێکی گەورەیە، بەشێوەیەك بنەمایەکی گرنگی تیۆرییانە(لە تیۆری فەزائاوەزییەکان)ی لەسەر دامەزراوە، هەرچەندە پێشتر زاراوەی فەزا لەلایەن لانگاکرەوە بەکارهاتووە بەناوی ڕێزمانی فەزا(Space Grammar) و پاشان گۆڕاوە بۆ ڕێزمانی درکپێکردن(Cognitive Grammar). بڕوانە(جهیدة و عبدالغاني، 2022: 343).

*[2] Fauconnier بەپێی بنەمای ناسینەوە، پەسنی دیاردەی (transparency and opacity of referringڕووونی و ناڕوونی لە ئاماژەبەندی) و بە پشتبەستن بە بنەمای (دەستپێگەیشتن/access principle ، لە بابەتی پێشگریمانەیی دەدوێت، هەروەها (دژەڕاستی لە زنجیرەی ئاخاوتن) جیاوازی دوو فەزای کەتوار و بنیاتنراو دەخاتەڕوو.

*[3]ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی(17)هەمی زایینی لە بۆچوونەکانی(Gottfried Wilhelm Leibniz)، پێیوابوو، جیهان لەکۆی بارودۆخ و دیاردەکان پیکدێت و پێکەوە گونجاون و دژیەکی لەنێوانیان بەدیناکرێت، ئەو جیهانی ڕاستی(Actual world)بە یەکێك لەو جیهانە گریمانەیی و بێکۆتاییانە لەبەرچاودەگرت. بەکارهێنانی ئەم تیۆرییە لە لێکۆڵینەوە زمانی و سیمانتیکییەکان لەسەدەی(20)هوە پەرەیسەند. بڕوانە(کاپلستون، 1380: 360)،(بوطيش،2022: 215).

*[4] توێژینەوەکە پەیوەست بە بەکارهێنانی هێماکان پەیڕەوی ئەم بنەمایانە دەکات: فەزای کەتوار یان بنەڕەتی بە(R)دادەنرێت. فەزای بنیاتنراو بە(M).ڕەگەزە پێکهێنەرەکان بە هێمای( a, b, c...) و هاوتاکانیان لە فەزای(M)بەشێوەی(`a`, b`, c...)، پێکهێنەری فەزا بە(SB)، گەیەنەرەکانیش بە هێمای(F)دەنوێنرێن.

*[5] هەریەك لە هێماکانی SB واتە، پێکهێنەرێکی فەزایی و (TS)واتە، فەزاکاتییەکانە.

*[6] بۆ ڕاڤەی ئەرکی پراگماتیکی بڕوانە: (2-2).

[*7] بەپێی ڕاڤەکان توێژینەوەکە لە هێڵکارییەکانی(6،7،8)دوو فەزای ئاوەزی جیاواز دەنوێنێت، تیایاندا لە فەزای R، دایەن و باوکی منداڵەکە دوو ڕەگەزی پێکهێنەری جیاوازن بە هێمای(b، a)دەنوێنرێن. لە فەزایM، ئەو دوو کەسە بەشێوەی ڕەگەزەپێکهێنەرەکانی ( a`، b`a ، a`b) گونجێنراون. بەشێوەیەك، هێما بچوککراوەکان لە فەزایM گریمانەیین و هەڵگری تایبەتمەندی ڕەگەزەهاوتاکانیانن لەفەزایR، هەروەهاپێکهێنەرەکانی فەزا لەم نموونەیەدا فەزای گریمانەیی بەهێمای(HS)دەنوێنێن.

[*8] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: .Jackendoff,1975, on belief context Linguistic Inquiry

Nunburg,1978, The pragmatics of reference, Bloomington, Indiana University Linguistics Club.

[*9] بەپێی بنەمای ناسینەوە کاتێك دوو دیاردەی جیاواز لە ڕێگای جۆرە ئەرکێکی پراگماتیکییانەوە، پەیوەندی پەیدادەکەن. پەسنکردنی دیاردەی یەکەم، دەکرێت بۆ ناسینەوەی دیاردەی دووەم واتا، هاوتاکەی(counterpart)، بەکاربهێنرێت. لەمەوە دیاردەی یەکەم، کە بۆ ناسینەوەی دیاردەی دووەم بەکاردێت، بە (بزوێنەر)و دیاردەی دووەمیش بە(ئامانج) ناودەبرێت و پەیوەندی لەنێوان(بزوێنەر)و (ئامانج) دروستدەبێت. لە تیۆری فەزائاوەزییەکان بە فاکتەری پەیوەندی نێوان دوو دیاردە یان فەزای ئاوەزی،(connector)دەوترێت. ,Fauconnier (1985: 18-19). بەگشتی یاسای بنەمای ناسینەوە لە فەزائاوەزییەکان بەمشێوەیە دەبێت: بە لەبەر چاوگرتنی دوو فەزای `M, M، بەهۆی گەیەنەرێکەوەFپەیوەستبوون و فرێزێکی ناویNP، کە ئاماژە بە ڕەگەزێکی پێکهێنەری وەك x لە Mدا یان ڕەگەزێکی زیادکراو بۆ فەزاکە دەکات. بەمشێوەیەی خوارەوە پێناسەدەبێت:

أ-ئەگەر x ڕەگەزی هاوتا`xبە شێوەی (`x=F(x لە `Mدا هەبێت، ئەوکاتە NPدەتوانێت`xبناسێتەوە.

ب-ئەگەر xهیچ ڕەگەزێکی هاوتای لە `Mدا نەبێت، ئەوکاتەNP لە توانایدایە ڕەگەزێکی نوێ `xلە`Mبەرهەم بهێنێت و بناسێتەوە بەشێوەیەك، کە x`=F(x)بێت.( :1994: ,Fauconnier 16). بەواتا بەپێی یاساکان، یاسای یەکەمNPئاماژە بە xی پێشتر دەکات و هەرچی یاسای دووەمە NPڕەگەزێکی نوێ بۆ فەزاکە زیاددەکات. هەروەها Fauconnierبنەمای ناسینەوەی بە بنەمای (دەستپێگەیشتن/ access principle)یش ناوبردووە . (Fauconnier, 2005: 41). بۆ نموونە لە ڕستەکانی(أ-دلۆڤان لەم نەخۆشخانەیە پزیشکی منداڵانە.)،(ب-پزیشك ئەمڕۆ نەهاتووە)بۆ بنیاتنان و تێگەیشتنی فەزای ئاوەزی نموونەی(ب)، ئەوا فەزای ئاوەزی نموونەی(أ) بە فەزای R دادەنرێت. بەو واتایەی ڕۆڵ و ئەرکی پراگماتیکییانەی (دلۆڤان)و (پزیشك) لە نموونەکاندا یەکسانە، بۆیە بۆ بنیاتنانی فەزای ئاوەزی نموونەی(ب)/M/، پێویستە دەربڕاوی(پزیشك) دەرفەتی دەستپێگەیشتنی بە بۆگەڕاوەکەی خۆی لە فەزای بنەڕەتی/R واتە(دلۆڤان)هەبێت. بەمەش بنەمای دەستپێگەیشتن بانگەشەی پەیوەندی ڕەگەزە هاوتاکان لە فەزائاوەزییەکان دەکات.

[*10] لەم بنەمایەدا aبە بزوێنەر و bبە ئامانج و Fبە گەیەنەر نوێنراوە.

## سەرچاوەکان:


1-ئاڤێستا کەمال مەحموود(2014)، ئاوەزداری و درککردنی زمانیی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(15)، بەشیB.

2-ابراهیم حسێن ابراهیم(2023)، نواندنی پراگماتیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان.

3-پەری سابیرئەحمەد(2011)، فەرهەنگی ئەندازیاری شارستانی و بیناسازی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

4-جەمال ڕەشید(2010)، فەرهەنگی پزیشکی دەوەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

5-ڕێبوار ئەحمەد نەبی(2015)،بەپێپێردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.

6-سەوزە سەعدی سەعید(2019)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەندازیاری گەیاندن،چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین. هەولێر.

7-شیلان رحیم ابراهیم(2019)، نەخشاندنی کۆزانیاری وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

8-محمد فاتیح (2021)، فەرهەنگی چەمك و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، هەولێر.

9-محمود فتح الله و نەریمان حەسەن حەمەکەریم(2017)، پەیرەو و بنەما سیمانتیکییەکانی درکپێکردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین،ژمارە 11.

10-نظمی قادر تەویلەیی(2012)، فەرهەنگی جوگرافیای گشتی(سروشتی و مرۆیی)، چاپی یەکەم، نارین.

11-باسم عبید عباس، حيدر غضبان محسن(2020)، جهود الدكتور أبي بكر العزاوي في الدلالة المعرفية(الاستعارةوالفضاءاللغوي)،مجلةالعلوم الانسانية/كليةالتربيةللعلوم الإنسانية،المجلد72، العددالثاني.

12-حسون لطيف عبدالله البطاط(1440)، العقل(تعريفه، انواعه، حجيته)، رسالة الماجستير، جامعة المصطفى العالمية.

13-الخليل بن احمد الفراهيدی، كتاب العين، تحقيق مهدى المخزومى و ابراهيم السامرائى، دار و مكتبه الهلال، دون تاريخ.

14-زينب بوطيش(2022)، نظرية الفضاءات الذهنيةفي ضوء اللسانيات العرفانية، أفانين الخطاب، المجلد02، العدد01، جامعة أبي القاسم سعدالله.

15-زينب مرزق(2018)، تشكيل دلالة الفضاء تنظيرا و تطبيقا في الروايات عبدالمالك المرتاض، مجلة آفاق للعلوم، العدد الثاني العشر، المجلد05، جامعة زيان عاشور، الجلفة.

16-سرجيو مورافيا(1995)، لغز العقل مشكلة العقل-الجسد في الفكر المعاصر، ترجمة عدنان حسن، منشورات وزارة الثقافة، السوري، دمشق.

17-سعودي جهيدة، قبايلي عبدالغاني(2022)، نظرية الأفضية الذهنيةفي البحث اللسانيات العرفاني بين النظرية و التطبيق، مجلة ميلاف للبحوث و الدراسات، المجلد8، العدد1، الجزائر.

18-عبدالرحمن طعمة، أحمد عبدالمنعم(2020)، المقاربة العرفانية في التعليم اللغة العربية للناطقين بغيرها، المنتدى الاوروبي للوسيطة-بلجيكا.

19-محمد بن مكرم ابن منظور(1414), لسان العرب, ط1, دار الصادر، بيروت.

20-وهيبة بوشليق(2019)، نظرية الأفضية الذهنيةالمفهوم و الاجراءات، مجلةالعمدة في اللسانيات و تحليل الخطابة عدد خاص، المجلد3، جامعة المسيلة/الجزائر.

21- صلاح الدين يحي, لامية قداش (2022)، نظرية الأفضية الذهنية و أثرها على اللسانيات العرفنية، مجلة العدوي للسانيات العرفنية و تعليمية اللغات، الجلد02، العدد02.

-بەزمانی فارسی:

22-امیر احمدی و عباس رجب سلمانی(1389)، معنی شناسی شناختی، نخستین کارگاه معنی شناسی، تهران، انجمن زبان شناسی ایران.

23-آنگلوس جلاتلی و اسکار زارات(1378)، مغز و ذهن، ترجمه عبدالرحمن نجل رحیم، تهران.

24-چارلز فردریك کاپلستون(1380)، تاریخ فلسفه: از دکارت تا لایب نیتس، ترجمه غلامرض اعوانی، جلد 4، تهران، سروش.

25-چامسکی(1384)ذهن وزبان ترجمه کوروش صفوی، چاپ سوم، انتشارات هرمس.

26-سارا سوهانگیر و محمد رضا نصیرسلامی(1393)، الگوهای خلق فضا در معماری با تکیه بر پارادیم های پسامدرن، باغ نظر، سال 11، شماره 28.

27-علی اکبر دهخدا(1373)، لغت نامه، جلد8، موسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران، تهران.

28-کیومرث یزدان پناه درو، حسن کامران(1393)، تروریسم در فضای مجازی و اثرات آن بر حوزه جغرافیای سیاسی، فصلنامه علمی-پژوهشی و بین المللی انجمن جغرافیای ایران، دوره جدید، سال13، شماره4.

29-Croft, W. & Cruse, A. (2004). Cognitive linguistics. Cambridge: University Press.

30-Evans, V. and Green, M. (2006). Cognitive Linguistics: an introduction, Edinburgh University Press.

31-Fauconnier, G. (1985). Mental Spaces.: Cambridge University Press.

32-Fauconnier, G. (1994). Aspects of Meaning Construction in Natural Language. Cambridge: Cambridge University press.

33-Fauconnier, G. (1997). Mappings in Thought and Language. Cambridge: Cambridge University Press.

34-Kirkpatrick, E, M. (1985). Chambers 20th Century Dictionary, Great Britain.

35-Saeed, J. (2009). Semantics. Oxford: Blackwell Press.

36-Stockwell, P. (2002). Cognitive Poetics: Ac Introduction. London: Routledge.

37-Turner, M. (1991). Reading Minds: The Study of English in the Age of Cognitive Science. Princeton, NJ: Princeton University press.
38-Summers, D. (2002), Dictionary of contemporary English, New Edition, London.
39-Webster, M. (2004), Merriam Webster`s Collegiate Dictionary, 2th edition, USA.
40-https://www.adyannet.com/fa/news/18266.